# ڕۆمانی ژیاننامەیی

پرۆفیسۆر دکتۆر

کەمال سەعدی مستەفا

(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی یاسا)

٢٠٢٣ هەرێمی کوردستان

- رۆمانی ژیاننامە
- بابەت: **لێکۆڵینەوەی ئەدەبی**
- نەخشەسازی ناوەوە: نووسەر
- بەرگ: نووسەر
- تایپ: نووسەر
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: تاران
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٣٠٨)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

## دەستپێک

وەک دەزانین هونەری نووسینەوەی ژیاننامە لقێکە لە لقەکانی ئەدەب و لە کۆنەوە ئەدیب و نووسەران بایەخیان پێ داوە و کەسە ناودارەکانیش بۆ گێڕانەوەی سەربردەی ژیانیان و ئەزموونەکانیان بەکاریان هێناوە.

ئەم بابەتە شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو لە کۆنەوە هەبووە و سەرچاوەیەکی گرنگیش بووە بۆ مێژوونووسان بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییە گرنگانەی کە کتێبەکانی ژیاننامە و بیرەوەرییەکان لەخۆیان گرتوون.

بەڵام هەروەک زانایانی بواری دەروونناسی دەڵێن مرۆڤ بە پێی سروشتەکەی بە گشتی لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی تەنیا باسی ئەو لایەنانەی ژیانی دەکات کە شانازییان پێوە دەکات، بە پێچەوانەشەوە چاوپۆشی لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بۆ خۆی و کەسە نزیکەکانی مایەی شەرمەزارین، یان بۆ ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن و نایەوێ لەکەداریان بکات.

لەم بارەیەوە کاتێک یەکێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە داوای لە زانای دەروونناسی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید کرد کە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە و مافی بڵاوکردنەوەیان پێ بفرۆشێت، ناوبراو داواکارییەکەی ڕەتکردنەوە و وتی: ((گێڕانەوەی بیرەوەری کەمێک قورسە بۆ ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە، چونکە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ڕاستیودروستی و بە ڕوونی دەبێتە مایەی ناوزڕاندنی خاوەنەکەی و ئەو کەسانەش کە ناویان دەهێنێ، بە تایبەتی ئەوانەی زۆربەیان زیندوون، لە لایەکی تریشەوە گێڕانەوەی ژیاننامە لای من هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، چونکە بریتییە لە درۆکردن و هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکردن، چونکە کەس نایەوێ ڕووداوەکان وەک خۆیان و بێ دەستکاری بگێڕێتەوە، ئەگەر زیان بە ناوبانگی بگەیەنێت و دڵی هاوڕێکانی بڕەنجێنێ، بۆیە ناچارە درۆ بکات)).

هەروەها کاتێک ڕۆماننووسی ئینگلیزی بەناوبانگ ڤیرجینیا وولف لە سەر داوای خوشکەکەی دەستی بە نووسینەوەی

بیرەوەرییەکانی کرد، نەیتوانی بەردەوام بێت، چونکە لە گەنجێتی زرِ براکەی دەستدرێژیی سێکسی کردبووە سەری، بۆیە دەستی هەڵگرت و کارەکەی تەواو نەکرد. (جان جاک روسو: اعترافات جان جاک روسو، ترجمة حلمي مراد، منشورات دار البشير للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق- بيروت، بلا سنة طبع، ص٩).

هەرچەند جان جاک ڕۆسۆ و قەدیس ئۆغستینۆس لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان بەوپەڕی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەوە ئاماژەیان بە ڕووداوەکانی ژیانیان و کەسایەتیی خۆیان کردووە و لەم ڕووەوە جان جاک ڕۆسۆ لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە بە ناوی (دانپێدانانەکانی جان جاک ڕۆسۆ) ناسراوە دەڵێ: ((بڕیارم دا دەست بە پڕۆژەیەک بکەم هاوشێوەی نەبێ، کاتێک کە تەواوی دەکەم، کەس ناتوانێ لاسایی بکاتەوە، ئامانجم لەمەدا ئەوەیە وێنەی خۆم بە شێوەیەکی سروشتی و ڕاستەقینە بخەمە ڕوو، ئەو کەسایەتییەی کە دەیخەمە ڕوو، ئەوە کەسایەتیی خۆمە)).

ئەوجا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەوانەی بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە، بەسەر هەندێکیاندا باز دەدەن و هەندێکی دیکەیش دەستکاری دەکەن، بە شێوەیەک کە زیانی بۆ کەسایەتیی خۆیان و ئەو کەسانەش نەبێت کە خۆشیان دەوێن، یان بە پێچەوانەوە تیشک دەخەنە سەر هەندێک ڕووداو بۆ لەکەدارکردنی کەسانێک بیانەوێ بە ئەنقەست کەسایەتییان لەکەدار بکەن، بۆیە وێڕای ئەوەی گێڕانەوەی بیرەوەری لقێکی گرنگە لە لقەکانی ئەدەب و سەرچاوەیەکی گرنگیشە لە سەرچاوەکانی زانیاری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەڵام لەم ڕووەوە کەموکورتی تێدایە، لەبەر ئەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوو لقێکی تری ئەدەب پەیدا بوو بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) ئەم جۆرە ڕۆمانە لە ڕووداوەکانیدا پشت بە بیرەوەری خاوەنەکەی دەبەستێت و لە هەندێک شوێنیش بە پێی پێویست تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبی دەکرێت، بەمەش لەگەڵ ژانرێکی تری ئەدەبی جیاوازی دەبێت، کە ئەدەبی ژیاننامەیە، بەوەی کە دانەر بە تەواوەتی وەک خۆی خۆی پابەندی گێڕانەوەی بیرەوەری و

سەربردەکانی ژیانی خۆی نەکردووە، هەروەها جیاوازیشی لەگەڵ جۆرەکانی تری ڕۆمان دەبێت کە زیاتر پشت بە خەیاڵی ئەدەبی دەبەستێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕۆمانە تێکەڵەیەکە لە هەردوو لقی ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)، هەر بۆیە زانکۆکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی – رواية السيرة الذاتية) ناوزەدیان کردووە.

ئەحمەد مەنسوور لە نووسینێکدا دەڵێ: ((ئەدەبی جیهانی بە شێوەیەکی گشتی و ئەدەبی عەرەبی بە تایبەتی، بە چەند ژانرێکی ئەدەبی پەیوەست بووە کە ژمارەیان زۆرە و جیاوازن. لەوانەیش ژانری ڕۆمان. بەناوبانگترین ڕۆمانی ژیاننامەیی جیهانی کە بە یەکێک لەو جۆرە ئەدەبانە دادەنرێت کە هەن، ڕۆمانی (جینێیر) و (بەرزاییەکانی وێذەرینگ) لە نووسینی هەردوو خوشک شارلووت و ئیمێلی برۆنتی)یە. (احمد منصور: رواية السيرة الذاتية في الأدب الجزائري المعاصر، منشور في مجلة (المسالة) العدد/١، سنة ١٩٩١، ص١٨٥).

هەر لەم بارەیەوە یاغودا ئاماژەی بەوە کردووە کە (دانێل دیفۆ) ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی بریتانی زۆربەی ڕۆمانەکانی لە شێوەی ژیاننامە نووسیوەتەوە، ئەمەو چەندان توێژینەوە و ماستەرنامە و تێزی دوکتۆرا لە سەر ڕۆمانی ژیاننامەیی لە زانکۆکانی جیهان و عەرەبیدا نووسراونەتەوە.

یەکێک لەوانە ماستەرنامەیەکە بە ناوونیشانی (السيرة الذاتية في الرواية الجزائرية ، من يوميات مدرسة حرة) لە ئامادەکردنی (زهور وتيسي) لە ساڵی ٢٠١٧ پێشکەشی کۆلێژی ئاداب و زمان لە زانکۆی (العربي بن مهيس ام البواقي) کراوە.

هەروەها ماستەرنامەیەک بە ناوی (السرد فی رواية السيرة الذاتية العربية) کە لەلایەن قوتابی فائز صلاح قاسم لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی یەرمووک لە ٢٠١٠/٧/٢١ تاووتوو کراوە،

هەروەها ماستەرنامەیەک بە ناوی (رواية السيرة الذاتية – مزاج المراهقة – لفضيلة الفاروق) ساڵی ٢٠١١ لە کۆلێژی

ئاداب و زمان، زانکۆی (منتوري قسنطينة) لەلایەن قوتابی (نجاة سويس)ـەوە ئامادەکراوە. ماستەرنامەیەکی تریش بە ناوی (رواية السيرة الذاتية فی ادب توفيق الحكيم) لەلایەن قوتابی (سامر صدقي محمد موسى) لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆلێژی خوێندنی باڵا، زانکۆی (النجاح الوطنية) لە فەلەستین تاووتوو کراوە.

یەکێک لە ڕۆمانەکانی ژیاننامەیی جیهانی لە نووسینی ڕۆماننووسی فەرەنسی (پاتریک مۆدیلۆ) بە ناوی (سلالة) کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە و لەلایەن (دانيال صالح)ـەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها ڕۆمانی (اولاد حارتنا) لە نووسینی نووسەری عەرەبی بەناوبانگ نەجیب محفووز کە خەڵاتی نۆبلی لە سەر وەرگرت.

بەم شێوەیە ئەو نموونانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، مشتێکن لە خەروارێک، لە ناو ئەدەبی جیهانی و عەرەبیدا، تەنانەت لەناو ئەدەبی کوردیشدا نموونەی ڕۆمانی ژیاننامەیی زۆرن، بەندە یەکێکم لەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند ڕۆمانێکی ژیاننامەییم بڵاوکردەوە،

ئەوجا بۆ ئەوەی خوێنەری کوردیش ئاشنایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆمانە هەبێت و زانیاری لە سەر ئەم ژانرە نوێیەی ئەدەب هەبێت کە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر بایەخی پێ دراوە، بە پێویستم زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەمە بەر دەستی هەموو لایەک، هیوادارم سوودێکم بە کتێبخانەی کوردی گەیاندبێت.

## ڕەنگدانەوەی ژیاننامە لە ناو ڕۆماندا

مەبەستمان لە ژیاننامە ژیانی مرۆڤە کە لەلایەن خۆیەوە نووسراوەتەوە، بەمەش لەگەڵ بیرەوەریدا جیاوازی هەیە، کە هەندێک ڕووداو لە خۆ دەگرن، لەوانەیە پێوەندی بە کەسی گێڕەرەوە نەبێت.

فیلیپ لۆجۆن لە کتیبەکەی (السیرة الذاتیة، المیثاق والتاریخ الأدبي)دا لە سەر زاری ڤابێرۆ دەڵێ ڤابیرۆ لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المعجم الكوني للأدب) کە لە ساڵی ١٨٧٦ دەریکردووە دەڵێ: ((ژیاننامە کارێکی ئەدەبییە، جا چ ڕۆمان، یان شیعر، یان وتارێکی فەلسەفی بێت، دانەر بە شێوەیەکی ناڕاشکاو، یان بە ڕاشکاوی بە مەبەستی گێڕانەوەی سەربردەکانی ژیانی خۆی، ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە و بیرۆکەکانی و هەستەکانی خۆی دەخاتە ڕوو)). (بڕوانە فیلیب لوجون: السیرة الذاتیة، المیثاق والتاریخ الأدبي، منشورات المركز الثقافي العربي، بیروت، ساڵی ١٩٩٤، ل١٠).

فیلیپ لوجون له درێژەی قسەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێ: ((ئەو کەسەی کە ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە، ناچار نییە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی بە وردەکارییەوە بگێڕێتەوە، بە پێچەوانەی بیرەوەری، یان بە شێوەیەکی ڕەها هەقیقەتەکان بڵێ، هەروەک له دانپێدانانندا ڕوودەدات)). (بڕوانە فیلیب لوجون: هەمان سەرچاوە، ل١٠)

له سەردەمی ڕۆمانەکان هونەری نووسینەوەی ژیاننامە بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد و له ئەدەبی جیهانیدا بایەخێکی زۆری پێ درا و چەندان پێناسەی جیا جیایان بۆ کرد، هەرچەندە نەیانتوانی له سەر پێناسەیەکی دیاریکراو کۆک بن، ڕەنگە هۆیەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە پێوەندی بە ژانرەکانی تری ئەدەبییەوە هەبێت.

یەکێک لەو پێناسانە کە لەلایەن (عبدالعزیز شرف)ـەوە کراوە دەڵێ: ((ژیاننامە بە مانای خستنە ڕووی ژیانی مرۆڤە کە خۆی چۆن دەیبینێت)). (بڕوانە عبدالعزیز شرف: ادب السیرة الذاتیة، منشورات مؤسسة الأهرام للنشر والتوزیع، القاهرة، مصر، عام ١٩٩٢، ص٢٧).

کەواتە ژیاننامە بریتییە لە گوزارشتکردن لە گرنگترین دیاردەکانی ژیانی کەسایەتی نووسەرەکەی.
بەڵام دەستەواژەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) لەلایەن زانایان و شارەزایانەوە پێناسە کراوە کە ((بریتییە لە کەرەستەیەکی خودی و کەرەستەیەکی خەیاڵ، بەو پێیەی بابەتی ئەو چیرۆکەی کە دەگێڕرێتەوە، لەو دوو کەرەستەیە پێکهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی ژیاننامەیی گرنگترین ڕەگەزەکانی بریتین لە خود و خەیاڵ، بەو پێیەی کە ئەو دەقەی لە بەر دەستدایە، ڕۆمانە)). (بڕوانە ممدوح سراج النابي: رواية السيرة الذاتية في مصر، دراسة في التاصيل والتشكيل، منشورات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، مصر، عام ٢٠١١، ص٤٧).
کەواتە ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو جۆرە ڕۆمانە دەوترێ ژیاننامە و بیرەوەرییەکانی ڕۆماننووسەکە دەبێتە کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانەکە، ئەوجا ئەگەر باسی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی ئەم جۆرە ئەدەبە بکەین، دەبینین لە کۆنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لایەنگری هەبووە،

وەک هونەرێکی سەربەخۆ تەماشایان کردووە، مێژوونووسانیش کۆک بوونە لە سەر ئەوەی ئەم بابەتە لە کۆنەوە لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا سەری هەڵداوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕۆمانی ڕۆبنسۆن کرۆسۆ بخوێنینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە لەلایەن دانیال دیفۆوە لە ساڵی ١٧١٩ بۆ یەکەم جار بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و ڕۆماننووس ڕووداوەکانی ژیانی خۆی تێدا دەگێڕێتەوە، لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە بە درێژی باسی دەکەین.

هەرچەندە وەک زاراوە، ناکۆکییەکی زۆر لە سەر زاراوەی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) هاتووەتە ئاراوە، هەندێک لە توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە یەکێکە لە کۆنترین ژانرەکانی ئەدەبی و هونەری، بەڵام هەندێکی تر ڕایەکی جیاوازیان هەیە و دەڵێن یەکێکە لە نوێترین ژانری ئەدەبی. (رواية السيرة الذاتية غرفة الذكريات لبشير مفتي انموذجا، بحث مشترك اعدت من قبل الطالبتين بوشريم هاجر و بوكليو ايمان، قدمت الى كلية الاداب واللغات قسم الأدب العربي

بجامعة محمد الصديق، في الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، عام ٢٠١٩، ل٩-١٠).

له بەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕۆمانە سروشتێکی نەرمونیانی هەیە، بۆیە بە ئاسانی سنوورەکەی دەبەزێنرێت، ئەمەش بۆ لە دایکبوونی زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی یارمەتیدەر دەبێت کە هەڵگری سیفەتێکی زۆرە لە سیفەتەکانی ئەم ژانرەی ئەدەب، مەبەستم ڕۆمانی ژیاننامەییە، لە هەمان کاتیشدا لەوانی تر بەوە جیادەکرێتەوە کە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە، بۆیە ئاسان نییە هەموویان لەژێر یەک ناوونیشاندا پۆلێن بکرێن. بەم شێوەیە جیاکردنەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی لە ژانرەکانی تری ئەدەبیدا یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕەخنەگران و توێژەران، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەیانەوێ سنوورێک بۆ هەریەکێک لەو ژانرانەی ئەدەب دابنێن، تا لە یەکتری جیایان بکەنەوە، چونکە تەداخولێکی زۆر لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە، ئەمەش وای لە هەندێک کەس کردووە بڵێن مەحاڵە دوو ژانری ئەدەبی بە تەواوەتی لە یەکتری جیابکرێنەوە، لەوانە جۆرج

مای كه به ڕاشكاوییه‌وه ده‌ڵێ: ((مه‌حاڵه دوو ژانری ئه‌ده‌بی به ته‌واوه‌تی له یه‌كتری جیا بكه‌ینه‌وه، چونكه ته‌داخول له نێوان ڕۆمان و ژیاننامه به‌رده‌وامه و كۆمه‌ڵێك شتی هاوبه‌ش له نێوانیاندا هه‌یه، نه‌ك ته‌نیا له ڕووی شێوه‌وه، به‌ڵكوو له ڕووی مه‌به‌ست و ئامانجیشه‌وه كه بۆی تێده‌كۆشێ)). (ممدوح سراج النابي: سه‌رچاوه‌ی پێشوول٥١)

# ڕۆمانی ژیاننامەیی و بیرەوەری و تێکەڵبوونی لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەب

لەبەر ئەوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی و بیرەوەری سروشتێکی نەرمونیانیان هەیە، بۆیە زۆر ئاسانە سنوورەکەی ببەزێنرێت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ لەدایکبوونی زۆر جۆری تر، کە هەڵگری چەندان سیفەتی جیاجیا دەبن و لە هەمان کاتیشدا جیاواز و سەربەخۆن، کە زەحمەتە لە ناو پۆلێکدا پۆلێن بکرێن.

بەم شێوەیە ئاستەنگ لە بەردەم ڕەخنەگرەکان دروست دەبێت، بە تایبەتی ئەو ڕەخنەگرانەی کە لە نێوان ئەو جۆرانەدا بە دوای سنوورێکی دیاریکراودا دەگەڕێن، کە جۆرێک لە تێهەڵکێشی لە نێوان ئەو جۆرە ژانرە ئەدەبیانە لە نێوان خۆیاندا هەیە، هەروەک چۆن ئەم جۆرە تێکهەڵکێشییە لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە، کە ئەمەش وای کردووە کەسێکی وەک جۆرج مای ڕاشکاوانە بڵێ مەحاڵە بە تەواوەتی دوو ژانری ئەدەبی لە یەکتری جیا بکەینەوە، وەک دەبینین تەداخول لە نێوان ڕۆمان و

ژياننامه بەردەوامە، كە ئەمەش واى كردووە چەندان شتى هاوبەش لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا هەبێت، نەك تەنيا لە ڕووى شێوەوە، بەڵكوو لە ڕووى مەبەست و ئامانجيشەوە.
(جورج ماي: السيرة الذاتية، ترجمة محمد القاضي وعبدلله صولة، منشورات دار الحكمة، تونس، ط/١، سنة ١٩٩٤، ص١٩٩-٢٠٣).
بەم شێوەيە جۆرێك لە تێكەڵبوونى سنوور لە نێوان جۆرەكانى ژانرى ئەدەبى ڕووى دا، بە شێوەيەك كە بەر لە ١٨٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژياننامە لە زمانى ئەدەبى ئەورووپيدا پەيدا بوو، هەروەك جۆرج ماى وا دەڵێ، يان بە وتەى هەندێكى تر مێژووەكەى بۆ مێژوويەكى كۆنتر دەگەڕێتەوە كە سەرەتاكەى بۆ دانپێدانانەكانى (قەديس ئۆغستين) پێش چواردە سەدە بەر لە دانپێدانانەكانى (جان جاك ڕۆسۆ) دەگەڕێتەوە.
بەم شێوەيە مێژووى نووسينەوەى ژياننامە بۆ پێش ڕۆمانى ژياننامەيى دەگەڕێتەوە و بيرەوەرى لە قۆناغەكانى دواى ئەو پەيدابووە و لە سەدەى هەژدەوە لە ئەورووپا بووە

دیاردەیەکی بەرچاو و چووە پاڵ ژانرەکانی تری ئەدەب. (میخائیل باختین: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ط/١، عام ١٩٨٧، ص٥٧).

تا ئێستاش تەداخول لە نێوان ئەو دوو ژانرەی ئەدەب بەردەوامە و ناکرێ نکوڵی لێ بکرێت، بە چەشنێک هەندێک کاری ئەدەبی لە ژێر ناوونیشانی ژیاننامەیی پۆلێن کرا، هەرچەندە هەمان شت لەلایەن هەندێک کەسی ترەوە لە ژێر ناوونیشانی ڕۆمانی ژیاننامەیی پۆلێن کرا، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ژانرە ئەدەبییانە سروشتێکی نەرمونیانیان هەیە، وادەکات تەداخولات لە نێوانیاندا دروست بێت.

ئەم سروشتە نەرمونیان و تەداخولانەی نێوان ژیاننامە و ڕۆمانی ژیاننامەیی وای کردووە کەسێکی وەک (جۆن) لەو کتێبەی کە بە ناوی (میساقی نهێنی) نووسیویەتی هەندێک جار ئەم ژانرە ئەدەبییە بە ناوی (ژیاننامە) ناوزەد بکات بە پێی ئەو ڕاستییانەی کە لە خۆی گرتوون، هەندێک

جاری تریش لە ژێر ناوی (ڕۆمان) ناوزەدی بکات، بەو پێیەی ئەو خەیاڵە ئەدەبییانەی کە لە خۆی گرتوون. دوای دەرچوونی کتێبەکەی جۆن بە ناوی (میساقی نهێنی) دەرکەوت هەموو جۆرەکانی ژانری ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)ی لەخۆ نەگرتووە، ئەمەش وای کرد جۆرج مای درک بە هەڵەی جۆن بکات و وتی لە نێوان ژیاننامە و ڕۆماندا لەو نێوەندەدا زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی هەن، بۆیە ئەو جۆرە ژیاننامەیەی کە پاڵەوان و کارەکتەرەکانی بەناوی خوازراو ئاماژەیان پێ کراوە، جیای کردەوە و لە ژێر ناوونیشانی ڕۆمانی ژیاننامەیی تۆماری کردن. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢).

بەم شێوەیە تەداخولی (ژیاننامەی ڕۆمان ئامێز) لە نێوان (ژیاننامە و ڕۆمان)دا ڕووی دا، کە جۆن لە میساقەکەیدا ئاماژەی پێ داوە و ئەم جۆرە ژانرە ئەدەبییە ناگرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەرمونیانیی ئەو سنوورەی کە بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە دانراوە و وابکات بە ئاسانی ببەزێنرێت و هەندێک ژانری تری ئەدەبی دەرکەوێت کە هەڵگری

هەندێک لە سیفەتەکانی ئەو ژانرە بێت کە لێی جیا بووەتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ژانرەکانی ئەدەب جێگیر و بەردەوام نین، ئەمەش وا دەکات لە ئەنجامی ئەم تەداخولاتانەوە هەندێک جۆری تێکەڵاو (الانواع الهجينة) لەدایک بن، ئەمەش دەبێتە کۆسپێک لە بەردەم هەوڵ و کۆششی ڕەخنەگران کە هەوڵ دەدەن سنوورێکی تۆکمە بۆ هەر ژانرێکی ئەدەبی لەو ژانرانە دابنێن کە ڕێگربێت لە بەزاندنیان. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢-٥٣).

لە ئاکامی ئەمەشدا ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو پێیەی جۆرێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە سنوورەکەی ئەم جۆرە تەداخولاتانە و یەکتربڕینانە لەگەڵ زۆر جۆری تری ژانری ئەدەبی قبووڵ دەکات و ڕێگایان لێ ناگرێت، ئەم تەداخولاتانەش خۆی لە چوارچێوە شێوەیی و هونەرییەکەیدا دەبینێتەوە. سەبارەت بە تەداخولاتی چوارچێوە شێوەییەکە، شێوەی ژیاننامەیی (الشكل السيري) هەژموونی لە سەر هەیە، بەڵام سەبارەت بە

تەداخولاتی تایبەت بە (چوارچێوە هونەرییەکەی) وەک دەبینین جێناوی قسەکەر (ضمیر المتکلم) هەژموونی لە سەر گێڕانەوەکەدا هەیە، یان بە شاردنەوەی ناوەکەی بە ناوی خوازراو، یان بەبێ ناو هێنان. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣).

شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، ژیاننامەی دانپێدانانی خودی (السيرة الاعترافية الذاتية) یەکێکە لەو جۆرە ژانرانەی ئەدەب کە لەگەڵ (ڕۆمانی ژیاننامەیی) یەکتر دەبڕێ، خود (الذات)ی تێدا بەبێ هیچ گوشارێک لەلایەن کەسێکەوە دان بە نهێنییەکانی ژیانی خۆیدا دەنێت. بەم شێوەیە لە ناوەوە سەیری نووسەرەکەی دەکرێ، هەروەک سپندەر دەڵێ: ((هەموو دانپێدانانێک لە خودەوە بۆ بابەت دەست پێ دەکات، لە تاکەکانەوە بۆ کۆمەڵگە، تەنانەت ئاژەڵەکانیش بەبێ شەرم پەردە لە سەر خۆیان لادەدەن و پرسی خۆیان دەخەنە بەرانبەر سیستمێکی ئاکاریانە کە بەشێکە لە واقیعێکی بابەتیی دەرەکی، ئەو شتانەیش کە دانیان پێدا دەنرێت، یان دەسەلمێنرێن، بریتین لە گەورەترین دانپێدانان

و دەرچوون لە سنووری باو، کە زۆربەی ئەوانەی کۆمەڵگە ڕەت دەکەنەوە، بەرگەی ناگرن)). (نقلا عن جورج ماي: السيرة الذاتية، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠).

دیارترین نموونەی ئەم جۆرە دانپێدانانە، ڕۆمانی (قەشە ڕیکفیلْد)ـە لە ساڵی ١٧٦٦ لە نووسینی گۆڵد سمیس، هەروەها ڕۆمانی ڕووخان ساڵی ١٩٥٦ نووسینی ئەلبێر کاموو، ئەم نموونانە لە ڕۆمان کە ئاماژەمان پێ کردن پشت بە (جێناوی قسەکەر) دەبەستن و ڕۆماننووس پێ بە پێ خۆی ئاشکرا دەکات. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥).

هەروەها جۆرێکی تر لە ژانری ئەدەبی کە ڕۆمانی ژیاننامەییە ئیزافەی سەر ئەو یەکتربڕینانەی سەرەوە دەکرێ کە جۆرج مای لە زۆنی ناوەڕاست (لە نێوان ژیاننامە و ڕۆمان)دا دەریهێناوە، کە بریتییە لە ڕۆمانی ژیاننامەیی و ژیاننامە بە ناوی خوازراوەوە.

جۆرج مای سەبارەت بە کتێبی ژیاننامە بە ناوی خوازراوەوە دەڵێ: ((ئەوانەی ژیاننامەی خۆیان بە ناوێکی خوازراو

دەنووسنەوە، لەبەر هۆیەکە لە هۆیەکان)) ئەمەو هەندێک نموونەی بۆ هێناوەتەوە، وەک ڕۆمانی هنری پرۆلار لاستاند، هەروەها ڕۆمانی (پشیلە) لە نووسینی ڕۆماننووس فیولیت لودوک کە خاوەنەکەی بە چیرۆک ناوزەدی کردووە بێ ئەوەی جۆرەکەی دیاری بکات. (جورج ماي: السيرة الذاتية، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣).

هەروەها (گرازییلا graziella)ی لامارتین کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەدا بڵاوی کردەوە و دواتریش لە دووتوێی بەرگێکدا لە ساڵی ١٨٥٢ چاپی کرد، لە یاداشتنامەکەیدا باسی لێکردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە ڕۆمانێکە گشت ڕووداوەکانی ڕاستەقینەن. لامارتین لە ڕۆمانەکەیدا تەنیا یەک ڕەگەزی خەیاڵی بەکارهێناوە، ئەویش دانانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بە کرێکاری مەرجان کە ڕاستییەکەی ئەو تەنیا جگەرەی پێچاوەتەوە و لەو بوارەدا کاری کردووە، بێ لەوە هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی وەک خۆی گێڕاوەتەوە، ئەوجا بە هۆی ئەو لێدوانەوە کە لامارتین لە بارەی ڕۆمانەکەیەوە دای، دوودڵ بوو لەوەی ئایا ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی لە

ڕیزی ڕۆمان، یان له ڕیزی ژیاننامه دابنێ؟! (میخائیل باختین: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ط/١، سنة ١٩٨٧، ص٣٦).

ئەمەش وای له جۆرج مای کرد که ناچاربێت دووباره زۆنی ناوەڕاست (المنطقة الوسطى) به جۆرێک دابڕێژێتەوه که هەندێک ژانری ئەدەبی لەخۆ بگرێت که میساقی جۆن ئاماژەی پێ نەکردبوون، ئەمەش وای کرد جۆرێکی نوێ لەو ژانره ئەدەبییانه جیا بکرێتەوه که ڕەخنەگران ناتوانن له ژێر ئەو ناوەی دابنێن که لێی دەرچووه، چونکه هەندێک تایبەتمەندیی هەیه لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوه، هەرچەنده زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ئەویشی هەیه. (ممدوح فراج النابي: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦).

## چەمکی ڕۆمانی ژیاننامەیی

هیچ زاراوەیەک وەک زاراوەی ڕۆمانی ژیاننامەیی نەرمونیانی نەبووە، کە ئەمەش وای کردووە سنوورەکەی جێگیر نەبێت و تێکەڵ بە ژانرەکانی تری ئەدەب بێت کە لێوەی نزیکن. ئەم ژانرەی ئەدەب هەردەم لە نێوان دوو ژانری ئەدەبی تری جیاواز بمێنێتەوە، کە ژانری (ژیاننامە و ڕۆمان)ن. ئەم نەرمونیانییەی وای کردووە کە ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆک نەبن زاراوەیەکی بۆ دانێن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە زاراوەکە لە ژێر چەندان ناوی جیاجیادا هاتووە، هەرچەندە گشتیان ئاماژە بە هەمان ناوەرۆک دەکەن.

ڕەخنەگران هەندێک جار ژانری (ژیاننامە) دەخەنە پێش (ڕۆمان) و زاراوەکە دەبێتە ژیاننامەی ڕۆمان ئامێز (السیرة الذاتیة الروائیة)، لەوانە ڕەخنەگر دوکتۆر (یمنی العید) لە توێژینەوەیەکیدا بە ناوی (السیرة الذاتیة الروائیة والوضعیة المزدوجة) کە لە لاپەڕە (١١)ی گۆڤاری (فصول) بەرگی (١٥) زستانی ساڵی ١٩٩٧ بڵاوی کردووەتەوە و وای وێنا کردووە.

هەندێک جاریش وشەی (ڕۆمان) دەخەنە پێش وشەی (ژیاننامە) و دەبێتە (ڕۆمانی ژیاننامەیی) وەک فیلیپ لو جۆن و جابر عوسفوور و دوکتۆر خەیری دۆمە بەم شێوەیەیە ناوزەدیان کردووە. (جابر عصفور: زمن الرواية، مكتبة الأسرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، سنة ١٩٩٩، ص٢١٩، هەروەها د. خيري دومة: رواية السيرة الذاتية الجديدة، قراءة فى بعض روايات البنات في مصر، مجلة كلية الاداب، جامعة القاهرة، المجلد ٦٣، كانون الثاني ٢٠٠٣، ص٥٨).

دوکتۆر (فەرەح مەهدی ساڵح) مامۆستا لە بەشی عەرەبی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی قادسییە لە توێژینەوەیەکیدا کە بە ناوی (الرواية السير ذاتية) لە ماڵپەڕی زانکۆی قادسییە بڵاوی کردووەتەوە، لە بارەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقە ئەدەبییەکان لە ڕووی جۆرییەوە دەڵێ: ((بێگومان دەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقەکان لە ڕووی جۆرییەوە لای خوێنەر بووەتە کارێکی قورس، بەتایبەتی هەندێک جۆری تێکەڵ (الانواع الهجينة) کە لە نێوان خۆیاندا

دەپیتێنرێن (تەلقیح دەبن)، جۆرێکی تری سەربەخۆ کە بوونێکی تایبەتی هەیە، دروست دەکەن)).توێژەری ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: ((نووسینی ڕۆمانی نوێ بە شێوەیەکی بەردەوام کێشەی ژانری ئەدەبی دەوروژێنێت، ئەمەشمان لە بەدواداچوونی ئەو ڕۆمانە نوێیانە بۆ دەردەکەوێت کە لە دوا چارەگە سەدەی بیستەم دەرچوونە و ئەو سنوورەی کە ژانرە ئەدەبییەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە تێیدا ون بووە و نەماوە)).

کرانەوەی ڕۆمان بە ڕووی ژانرەکانی تری ئەدەبیدا وای کردووە لەگەڵیان ئاوێتە بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبییە ژانرەکان دەبڕێت (عابرة للاجناس)، بەو پێیەی توانایی لەخۆگرتن و گۆڕینی هەیە. (د. صبيحة احمد علقم: تداخل الاجناس الأدبية فى الرواية العربية (الرواية الدرامية انموذجا)، ص٧).

بوونی ڕەگەزی ژیاننامە لەو دەقە ئەدەبییە نوێیانەی گێڕانەوەیان تێدایە، کە هەندێک کەس بە جۆرێک لە ڕۆمانی نوێی دادەنێن، ڕەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتن و وەرچەرخانە

گەورەیەن کە لە سی ساڵی ڕابوردوودا جیهانی عەرەبی بە خۆوەی بینیوە، ئەمەش وای لە ڕۆماننووسەکان کردووە هەندێک کاری داهێنانی نوێ تاقی بکەنەوە، لەوانە ڕۆمانی ژیاننامەیی بە شێوەیەک بەشێک لە غەم و پەژارە و گۆشەنیگاکانیان لە خۆی بگرێت، لەم بارەیەوە دوکتۆر (جابر عوسفوور) لە کتێبەکەیدا (زمن الرواية) هۆکاری پێداگرتنی ڕۆماننووسەکان لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە سەر ڕۆمانی ژیاننامە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئاڵۆزی و گوشاری ژیانی هاوچەرخ کە وا لە خود دەکات بە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ جیهان و پێوەندییەکانی لەگەڵ خودی خۆیدا بچێتەوە، ئەوجا لە ڕوانگەی خۆیەوە و دوور لە خودی ڕۆمانێکی کۆن وێنای بکات. (جابر عصفور: زمن الرواية، منشورات دار المدى للطباعة والنشر والتوزيع، العراق، عام ١٩٩٩، ص٤٥).

ڕۆماننووسی ئێراقی عەلی بەدر هەر لە یەکەمین ڕۆمانیەوە (بابا سارتر) تا دەگاتە ڕۆمانی (استاذة الوهم) لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن لە ژیاننامەی ڕۆماننووس و ئەو

ڕووداوانەی کە خۆی، یان کەسە نزیکەکانی تێیدا ژیاون نووسراونەتەوە، بۆیە دەبینین نووسەر ژیاننامەی خۆی لە دووتوێی ڕۆمانەکانی گێڕاوەتەوە و مێژوو و ئەزموونی خۆی و کەسانی دیکەی ئاشکرا کردووە و باسی ئەو سەردەمە دەکات کە تێیدا ژیاوە، هەروەها مێژووی ڕۆشنبیرانی ئێراقی نەوەی دوای خۆی کە لەگەڵیان ژیاوە و خۆی بەشێک بووە لە تاکەکانی، لێرەدا ژیاننامە لە ناو ڕۆمانەکانی عەلی بەدر گرنگی و نرخی خۆی دەبێت، چونکە لە خەون و ویستەکانی کەسانی دیکە بە دەر نییە کە لە ناو ڕۆمانەکانیدا ئاشکرای کردوون.

ئەگەر بێتو ڕۆمانی ژیاننامەیی بەشێک لە ژیاننامەی نووسەرەکەی لەخۆبگرێت، پێوەری پۆلێنکردنی وەک پێوەری پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئایا ڕۆماننووس چ نیشانەیەکی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەجێ هێشتووە تا لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێنی بکەین.

(حسن مجاد عبدالكريم: ما وراء السرد في الرواية العراقية، رسالة ماجستير، قدمت الى جامعة القادسية كلية التربية، قسم اللغة العربية، سنة ٢٠٠٨/٢٠٠٩، ص١٢٢).

جا ئەو نیشانە و بەڵگانەی لە ناو ڕۆمانەکەدا هەن و پێوەندییان بە ژیاننامەی ڕۆماننووسەوە هەیە، ئەو پێوەندییەمان بۆ دەردەخەن کە لە نێوان ڕۆمانەکە و نووسەرەکەیدا هەیە، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بەو نیشانە و بەڵگانە دەکەین لە بەر ڕۆشنایی هەندێک نموونە لە ڕۆمانی ژیاننامەیی:

یەکەم: بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر (من):

کاتێک باسی خۆمان و بیروڕا و ئەو شتانە دەکەین بە گشتی بە دەستەواژەی (شێوە)ی قسەکەر دەدوێین وەک (من). (مستەفا ڕابەر: هونەری نووسینی ڕۆمان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١، ل٢٨).

جێناوی قسەکەری (من) یەکێکە لە بەناوبانگترین شێواز بۆ ئاماژەکردن بە ژیاننامە، چونکە وا دەکات ئەو چیرۆکەی دەگێڕڕێتەوە، یان ئەو ڕووداوەی کە لە خۆی گرتووە لەگەڵ

گیانی دانەرەکە تێکەڵ بێت، هەروەک ئەوە وایە چیرۆکەکە بداتە پاڵ خود، واتە خودی دانەرەکە.
نانسی کریس دەڵێ نووسەر لەگەڵ بگێڕەوە (الراوي) لە ڕێگەی جێناوی قسەکەر یەک دەگرێت، بەمەش هیچ دەرفەتێک نامێنێتەوە کە زانیاریمان پێ بدات، یان ڕوونکردنەوەیەک کە ڕۆمان بگێڕەوە (الراوي) نەیزانێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نووسەرەکە دەبێتە کەسایەتییەکی ئەوتۆ کە لە هەر بۆچوونێکی دیکە زۆر بەرزترە.
لەم بارەیەوە نانسی کرێس دەڵێ نووسەر لە ڕێگای ئامرازی قسەکەری (من) بە تەواوەتی لەگەڵ حیکایەتخوان یەکدەگرێت، ئەمەش وا دەکات کە هیچ گومان و لێکدانەوەیەک نەکرێ کە حیکایەتخوان هەموو شتێک دەزانێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر دەبێتە کەسایەتییەک لە ناو ڕۆمانەکە. (نانسي كريس: تقنيات كتابة الرواية، ترجمة زينة جابر ادريس، منشورات الدار العربية للعلوم، ناشرون، ط/١، عام ٢٠٠٩، لبنان، ص٢٦٣-٢٦٤)

لەم بارەیەوە عەبدولمەلیک مرتاس دەڵێ: ئەوەی جێگەی سەرنجە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر (من) شان بە شانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژیاننامە سەری هەڵداوە، وەک ئەوە وایە کە درێژەپێدەری ئەو بێت، یان ئەوەی تریان درێژەپێدەری ئەو بێت.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە بەکارهێنانی ئامرازی قسەکەر کە لەگەڵ گەشەسەندنی ژیاننامە گەشەی کرد وەک ئەوە وایە کە درێژکراوەی ئەو بێت. (د. فرح مهدي صالح: الرواية السير ذاتية، روايات على بدر انموذجا، بحث متاح على الانترنت فى موقع كلية التربية بجامعة القادسية (https;www.qu.edu.com).

ئەگەر بێتو لە ڕۆمانەکانی (عەلی بەدر) ورد بینەوە هەر لە ڕۆمانی (بابا سارتر) تا دەگاتە (استاذة الوهم) دەبینین بە جێناوی قسەکەر (من) پێداگری لەسەر حیکایەتخوان دەکات، کە بە تەواوەتی لەگەڵ نووسەرەکە دەبنە یەک، ئەوەش کە ئەو یەکبوونە پشتڕاست دەکاتەوە، حیکایەتخوانەکانی (رواة) عەلی بەدر لە هەموو ڕۆمانەکانیدا

بەبێ ناون، دانەر ناوێکیان پێ دەبەخشێت، تا بناسرێنەوە، هەروەها هیچ زانیاریمان لە بارەی شێوەی دەرەوەیان پێ نادات، زۆر گرنگ نییە حیکایەتخوان چۆن دەردەکەوێت، بەڵکوو گرنگ ئەوەیە چۆن ئەوانی تر بە چاوی ئەو دەردەکەون، هەروەها چۆن خۆی دەبینێت، ئەمەش وا دەکات هەڵوێست و دیدی نووسەر بەسەر ڕووداوەکاندا زاڵ بێت، حیکایەتخوان (دانەر) بە جێناوی (من) لە ڕۆمانەکانیدا دەست بە قسە دەکات و گشت ئەو سەرەداوانەی دەیانگێڕێتەوە لە دەست خۆی گرتووە، هیچ شتێک نابینین جگە لەو شتانەی خۆی ڕێگای پێ داوین بیانبینین، چونکە ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی تێیدا ژیاون بێ ئەوەی هیچ دەرفەتیان پێ بدات گوزارشت لە خۆیان بکەن، هەروەها پەنا دەباتە بەر توانج و ڕەخنەگرتن و تەنز و هێنانی هەندێک کەسی ڕاستەقینە (شخصيات واقيعية) بۆ ناو ڕۆمانەکەی، ئەو کەسایەتییانە دەخاتە بەردەم هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە و کۆنترۆڵیان دەکات.

بەم شێوەیە ئەگەر لە ڕۆمانی ژیاننامەیی ورد بینەوە دەبینین بریتییە لە گێڕانەوەی یادگاری و دانپێدانان و بیرەوەرییەکانی نووسەر کە لە میانی گێڕانەوەیاندا باسی ژیانی خۆی دەکات بە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری (من). (بڕوانە د. احمد حیدوش: السیرة الذاتیة في الروایة، منشورات المرکز الجامعي البویرة، متاح علی الانترنت، ص16، https;www.asp.ceri.dz.com ).

هەڵبەت دەتوانین بڵێین دیاردەی پەنابردنە بەر ژیاننامە لە ڕۆمانەکانی جەزائیر بووەتە بەشێکی هاوبەش لە نێوان زۆربەی ڕۆمانەکاندا، ئەگەر هاتوو هەمووشی نەبێت، هەر لە پەیدابوونی ڕۆمانی جەزائیرییەوە تا ئەمڕۆ.

ڕۆماننووس مەولوود فیرعەون لە ڕۆمانی (ابن الفقیر)دا باسی ئەو قوربانییانەی باوکی دەکات کە بۆ فێرکردن و تێکۆشانی نووسەر داویەتی بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی و گەیشتن بە ئامانجەکانی. ڕۆمانی (ابن الفقیر) یەکێکە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی مەولوود فیرعەون، تەنانەت یەکێکیشە لە شاکارە ئەدەبییەکانی وڵاتی جەزائیر.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە هەمان ئەو ساڵانەی کە (مەولوود فیرعەون)ی نووسەری ڕۆمانەکەی لێ لەدایک بووە، ئەویش لەدایک بووە، هەروەها لە هەمان ئەو گوندەدا دەژیت کە مەولوود فیرعەون تێیدا ژیاوە، ئەمەو نووسەر و پاڵەوانی ڕۆمانەکە گەورە دەبن و ڕووبەڕووی ئەو تەنگوچەڵەمانەی ژیان دەبنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بە پیشەی مامۆستایەتیش خەریک دەبن، ئەمە و دەیان شتی تری هاوبەش ئەگەر نەڵێین هەمووی لە نێوان ژیانی نووسەر و پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا هەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر (مەولوود فیرعەون) ژیاننامەی خۆی کردووەتە کەرەستەی ڕۆمانەکە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری (من) پاڵەوانی ڕۆمانەکە و خۆی دەبنە یەک.

ڕۆمانی (ابن الفقیر) باسی خەم و پەژارەی ئەو جەزائیرییانە دەکات کە هەژار و کەم دەرامەتن، تێیدا سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤی خێڵەکی جەزائیری دەردەخات، منداڵێکی شیرەخۆرە لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە لەگەڵ ژیاندا دەجەنگێت، یان دەبێ بەرهەڵستیی ژیان بکات، بۆ ئەوەی

به شکۆوە بژێت، یان دەبێ خۆی ڕادەستی چارەنووس بکات و بە سەرشۆڕی و زەلیلی ژیانی بەسەر ببات.

ڕۆمانەکە بریتییە لە چیرۆکی گەنجێک کە کوڕێکی هەژارەو ناوی (فۆرلۆ)یە، ژیانێکی کولەمەرگی دەژێت، هەوڵ دەدات دابونەریت و ڕەوشت و بەهاکانی خۆی کە لە باوک و باپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە بپارێزێت، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ ئەو نێوەندە کۆمەڵایەتییەی کە لە ژێر دەسەڵاتی فەڕەنسییە داگیرکەرەکاندایە بگونجێنێت، هەوڵ دەدات فێری زمانی بێگانە و ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی بێت، کە زمانی فەڕەنسییە، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەیەکی فەڕەنسیدا بتوانێت درێژە بە خوێندنی ئامادەیی بدات، هەمیشە ترسی هەیە کە سەرکەوتوو نەبێت و خەونەکانی نەیەنە دی، بەڵام فۆرلۆ سوور دەبێت لە سەر ئەو هەنگاوانەی کە دەستی پێ کردوون بۆ ئەوەی بە ئامانج بگات و خۆی پێ بگەیەنێت، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە دەوریان داوە و هەمیشە دەڵێ: ((تەنیا من لەم جەنگە نەگریسەدا تەنیام کە هیچ بەزەییەکی نییە)).

ئەمەو ئازارەکانی دوای تەواوکردنی قوتابخانەی سەرەتایی دەست پێ دەکات، لە کاتێکدا قوتابخانەی ناوەندی لە شوێنی نیشتەجێ بوونییەوە دوورە و هیچ شوێنێکی لێ نییە تێیدا بحەوێتەوە. کەسێکی خەڵکی ئەو شوێنە کە لەگەڵ ئەو قوتابییە، ناوی (عوزەیر)ـە داوای لێ دەکات لەگەڵ ئەو لە هەمان خانوو بمێنێتەوە، لە ڕۆمانەکەدا هەندێک چرکەساتی جوان سەبارەت بە ڕنینی بەروبوومی دار زەیتوون بەدی دەکەین. ئەم ڕۆمانە نموونەیەکی زیندووی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ بژین، ڕووبەڕووی بارودۆخە سەختەکان دەبنەوە و بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانیدا زاڵ دەبن و بە ئارام گرتن و ئومێدەوە هەنگاو دەنێن تا بگەنە ئامانجەکانیان. (بڕوانە ڕۆمانی (ابن الفقیر) دانانی مولود فرعون، لە بڵاوکراوەکانی المرکز القومي للترجمة، القاهرة، عام ٢٠٠٦).

هەروەها نووسەری ئینگلیزی بەناوبانگ (چارلز دیکەنز) لە ڕۆمانی (داڤید کۆپەر فێڵد) لە ساڵی ١٨٥٠ زایینی بڵاوی

کردووەتەوە و لەلایەن مختار السویقي وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

لە ڕێگای حیکایەتخوانی هەموو شتزان بە جێناوی قسەکەری (من) ڕووداوەکانی دەگێڕێتەوە، هەرچەندە ئەو جیاواز لە کەسانی دیکە، ناوێکی خوازراوی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە پەنایدا ناوی ڕاستەقینەی خۆی شاردووەتەوە.

ئەگەر لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسی بەناوبانگی میسری (نەجیب مەحفووز) ورد بینەوە دەبینین ئەویش بە هەمان شێوە ناوی شوێنە ڕاستەقینەکانی بۆ ناوی خوازراو گۆڕیوە، بۆ نموونە لە یەکێک لە ڕۆمانەکانیدا ناوی ئەو هوتێلەی کە میوانەکانی لێ دەبرێن بۆ پانسیۆنی میرامار، ناوی ڕاستەقینەی هوتێلی ئەمین بوو. هەندێک جاریش لەجیاتی گۆڕینی ناوی ڕاستەقینەی کەسەکان بە ناوی خوازراو، یاری بە جێناو دەکرێت، هەروەک میشێل بۆتۆر دەڵێ هەندێک جار بەکارهێنانی جێناوی کەسی نادیار تەنیا دەمامکێکە بۆ شاردنەوەی جێناوی قسەکەر، بۆ ئەوەی وەک گێڕانەوە

نەیەتە پێش چاو، هەروەک ئەوەی ژیاننامە بێت، میشێل بۆتۆر دەڵێ بەکارهێنانی جێناوی کەسی نادیار تەنیا دەمامکێکە بۆ جێناوی قسەکەر، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی باسیان دەکات نەبنە گێڕانەوە و وەک ژیاننامە نەیەنە بەرچاو، ناوی لەمە ناوە (یاریکردن بە جێناوەکان).

لەوانەیە هەر ئەمەیش وای لە هەندێک نووسەری عەرەب کردبێت پێشەکییەکی خۆپارێزی (مقدمات احترازية) بنووسن و بڵێن هەر بەیەکچوونێک لە نێوان کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە و ناوە ڕاستەقینەکان، ڕاستییەکەی تەنیا ڕێکەوتە، ئەم جۆرە خۆپارێزییە بەتایبەتی لای جەبرا ئیبراهیم جەبرا دووبارە بووەتەوە.

ئەگەر سەیری ڕۆمانی (داڤید کۆپەر فیڵد) بکەین، لە لاپەڕە (١٧)دا بە ناونیشانی (لە دایکبوونم چۆن بوو) سەربردەی ژیانی منداڵیی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((ناوم داڤید کۆپەر فیڵدە ... ئەوەتا ژیاننامەی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە...لە بلاندرستۆن لە دایکبوومە. بە ماوەیەکی کەم پێش لە دایکبوونم باوکم کۆچی دوایی کردبوو.

ئێوارەیەک، دایکم لە نزیک ئاگردانەکە دانیشتبوو، بۆ چارەنووسی خۆی و چارەنووسی منداڵە بەدبەختە بێ باوکەکەی غەمبار بوو)). (رواية دافيد كوبر فيلد، تاليف تشارلز ديكنز، ترجمة مختار السويقي، بلا مكان وسنة النشر).

ئەمەی خوارەوە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەیە بە کورتی: ئەم ڕۆمانە باسی چیرۆکی ژیانی منداڵێک دەکات کە پێش لە دایکبوونی بە ماوەیەکی کورت باوکی دەمرێت، دوای مردنی باوکی، سەرەتا تا چەند ساڵێک لەگەڵ (کلارا)ی دایکی و ئیشکەری ماڵەوەیان (بیجوتی) بە بەختەوەری ژیاوە، ئەوان زۆریان خۆش ویستووە، بەڵام دوای شووکردنەوەی دایکی ڕۆژێک (ئەدوارد میردستۆن)ی زڕ باوکی سەردانیان دەکات، داڤید پێشتر ئەوی نەبینیبوو، کەسێکی زۆر دڵڕەق بوو، داڤید و دایکی کەوتوونەتە ژێر مەرحەمەتی (ئەدوارد میردستۆن) کە لە سزادانی (داڤید کۆبەر فێڵد) ڕاهاتووە. جارێک لە سەر وانە نەخوێندن سزای دەدات، دیڤیدیش دەستی لێ بەرز کردەوەو پێی وت: ((تۆم خۆش ناوێ))،

ئەمەش وای کرد کە زڕبابەکەی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە ژوورەکەی زیندانی بکات، دواییش بۆ بەشە ناوخۆییەکانی قوتابخانەیەک لە نزیک شاری لەندەن گواستییەوە. لەوێ لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکە (مستەر کاراکل) و یاریدەدەرەکەی بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کرا. تەنیا سوودێک لە گواستنەوەی بۆ ئەو قوتابخانەیە کە بە داڤید گەیشتنبێ، ئەوەبوو ئاشنایەتی لەگەڵ دوو قوتابی لە قوتابییەکانی هاوپۆلی خۆی پەیدا کرد، ناویان (تۆمی ترادلیز) و (جێمس ستیر فۆرس) بوو. بەهۆی دڕەندەیی (ئەدوارد میردستۆن)ی زڕ باوکی دایکی و منداڵە تازە لە دایک بووەکەیان مرد. دوای پرسەی دایکی، زڕباوکەکەی بڕیاری دا داڤید بنێرێتە شاری لەندەن بۆ کارکردن لە کۆگاکەی ئەوێ، کە گەیشتە ئەوێ لەگەڵ (ویلکنز) و (میکاوبەر) دەژیا.

(میکاوبەر) کە بە تەمەن لەو بچووکتر بوو، خەم و پەژارەکانی خۆی، کە لە مانەوەی لەوێدا ڕووبەڕووی بوونەتەوە بۆ باس کرد.

ئەمەو داڤید باسی خوشکی باوکیمان بۆ دەکات، کە ناوی (بتسی ترتوود)ـە و لە نزیک گوندی (دۆڤەر) لە سەر لێواری دەریای باکوور و دەریای مانش، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا دەژیا.

ڕۆژێک بڕیار دەدا سەردانی پلکی بکات، بۆیە لە لەندەنەوە چووە گوندی (دۆڤەر) بۆ ماڵی پلکی کە لە ناو کەپرێکی بچووک لە سەر لێواری دەریا لە نزیک شوێنی ماسی گرەکان بوو، دوای چاوپێکەوتنەکە (بتسی ترتوود)ی پلکی لای خۆی هێشتییەوە و لە قوتابخانەی (دکتۆر سترۆنگ) لەبەر خوێندنی دانا کە باشترین قوتابخانەی (کانتر بێری) بوو، لەوێ زانست و زانیاری نوێی وەرگرت و لەگەڵ (مستەر ویکفیلد) و (ئەگنیس)ی کچی ژیا. دوای کۆتاییهاتنی خوێندنەکەی، داڤید شاری کانتر بێری لە باشووری ئینگلتەرا بەجێ هێشت و گەڕایەوە لەندەن و بڕیاری دا پیشەی پارێزەری بکات، بۆ ئەم مەبەستە چووە نووسینگەی (مستەر سپیلۆ) و چاوی بە خاتوو دۆرای شۆخوشەنگ کەوت، کە کچی سپتلۆی پارێزەر بوو،

هاوسەرگیری لەگەڵ کرد، بەڵام دوای ساڵانێکی کەم هاوسەرەکەی دەمرێت.

دوای چەند ڕووداوێکی یەک لە دوای یەک، داڤید ئینگلتەرا بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە سویسرا، بەو هیوایەی لە پاڵ سروشتە جوانەکەی چیای ئەلْپ بحەسێتەوە. لەو ماوەیەی کە لەوێ دەژیا، داڤید لە نووسینەوەی کتێبەکەی دەبێتەوە و بۆ بڵاوکردنەوەی دەنێرێت، دواتر هاوسەرگیری لەگەڵ (ئەگنیس) دەکات کە پێشتر خۆشی دەویست و چەند منداڵێکیان لە یەکدی هەبوو، کە ئەویش دواتر بووە ڕۆماننووسێکی سەرکەوتوو.

موختار سویقی وەرگێڕی ڕۆمانەکە لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: ((چارلز دیکەنز لە ئینگلتەرا لە شاری (لاندبۆرت پۆرتسی) لە ساڵی ١٨١٢ لە دایک بووە و ژیانی منداڵی کولەمەرگی بووە، چونکە باوکی وەزیفەیەکی بچووکی هەبووە و ئەرکی خێزانێکی گەورەشی لە ئەستۆ بووە. ئەزموونەکانی ئەم منداڵە ماندوونەناسە کاریگەرییەکی زۆری لە سەر هەبووە، ئەمەو چارلز دیکەنز لەم ڕۆمانەیدا باسی

ئەو ئەزموونە تاڵانە دەکات کە لە سەردەمی منداڵی خۆیدا پێیاندا تێپەڕیوە.

## دووەم: شوێن و کات

شوێن و کات نیشانەیەکی ترە لە نیشانەکانی ڕۆمانی ژیاننامەیی، لە میانی دەستنیشانکردنی شوێن و وەسفکردنی بە وردی کە لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا پێوەندی نێوان نووسەرەکەمان بەو شوێنەوە بۆ دەردەخات.

ئەگەر سەیری ڕۆمانەکانی عەلی بەدر بکەین، دەبینین شوێن جێگیر و دیاریکراوە و ناوێکی هەیە و ئاماژەی پێ دەکات، بۆیە دەبینین نووسەر لە شاری بەغدا پێوەندییەکی بەهێزی بە گەڕەکی کەڕادەوە هەیە و لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ئاماژە بەو گەڕەکە دەکات، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گەڕەکی کەڕادە شوێنی لەدایکبوونیەتی، هەروەها بەو پێیەی ناوی کەڕادە ئەو شوێنەیە کە زۆر لە ڕۆشنبیران و هزرمەندانی ئێراقی لێ بووە کە بوونەتە سەرچاوەی سرووش بۆ نووسەر و وایان کردووە کە بە هۆی زیندوویێتی و نوێ بوونەوەی ئەو گەڕەکە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بتوانێت درێژە بە نووسینەوەی ڕۆمانەکانی بدات و لە زۆربەیاندا ئاماژە بەو شوێنە بکات.

ئەگەر چاوێک بە ڕۆمانی (صخب ونساء وكاتب مغمور)دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە عەلی بەدری ڕۆماننووس تا چەند پێوەندی بە شوێنی لە دایک بوونییەوە بەهێز بووە، کە گەڕەکی کەڕادەیە. (رواية صخب ونساء وكاتب مغمور، تاليف علي بدر، منشورات دار نون، مكتبة الفكر الجديد، بلا سنة نشر).

لە لاپەڕە (١١٥) دا دەڵێ: ((هاوارم کرد بۆچی گەشت بۆ (تەنجە) دەکەم، لەکاتێکدا ئەم هەموو دیمەنە جوانانە لەبەر دەممدان کە وام لێ دەکەن ببمە نووسەرێکی گەورە!!)).

هەر لە هەمان لاپەڕەی ڕۆمانەکەیدا ناوونیشانی (فرۆفێڵکردن پیشەیە) دەڵێ: ((لە شەوی دواتر.....ئاسمان باراناوی بوو. لە شوقەکەم هاتمە دەرەوە، بۆ کڕینی هەندێک کتێب بەرەو کتێبخانەی ئەرمەنی ڕۆیشتمە کەڕادە، ئاسمانی ڕووناک بەهۆی گڵۆپەکانییەوە دڵخۆش بوو و ئەو ژنانەش کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتن، لە ژێر چەتر و تابلۆی دووکانەکان ڕاوەستابوون، تا لەشیان تەڕ

نەبێت، هەندێکیان چەتریان پێ بوو، هەروەها جانتایان بە شانەوە بوو، لەو شەقامە تەسکەدا کە پێیدا دەڕۆیشتم، ژنێکی قەڵەو ڕووبەڕووم هات، سەبەتەیەکی بچووکی بە دەستەوە بوو، لەبەردەم کتێبخانەیەکی بچووکی سەر شەقام ڕاوەستابوو، ڕۆژنامەیەکی کڕی و ڕۆیشت...تاد)).

لە لاپەڕە (١١٦) دا بە ناوونیشانی (وێنە) باسی گەڕەکی کەڕادە دەکات و دەڵێ: ((کەڕادە لە کۆندا بریتی بوو لە کۆمەڵێک حەساری کۆن و باخچەی خورما و زەیتوون و لیمۆ ...تاد)).

ڕۆمانی (صخب ونساء وكاتب مغمور) باسی کۆمەڵێک هونەرمەند و شاعیری ساختە دەکات کە ڕۆژانە لە ستۆدیۆیەکی بچووک لە شاری بەغدا کۆدەبنەوە و گوێ لە ڕووداوەکانی ژیانی نووسەری نەناسراو (الكاتب المغمور) دەگرن خەو بە نووسینەوەی ڕۆمانێکەوە دەبینێت کە بە هۆیەوە پارەو خەڵات و ژنی دەسکەوێت، هەروەها لە میانی ئەو شوێنەدا (مەبەستمان ئەو ستۆدیۆیەیە کە لێی کۆ دەبنەوە) بە خاتوونێکی تورکمان ئاشنا دەبن کە ناوی

سوعادە، ئەکتەرێکی بەناوبانگی ڕیکلامەکانە، پێشتر دۆستی گەورە ئەفسەرێک بووە لە حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و ئێستاش لە هوتێلە هەرزانەکان بووەتە لەشفرۆش، هەروەها وەلید ناوێک کە شاعیرێکی فاشیلە و خۆی وەک ئۆرستوکراتێکی ساختە پیشان دەدات کە لە سەر حسێبی کەسانی دیکە دەژین، هەروەها تەمارا، بە جموجووڵە ئابڕووبەر و ورووژێنەرەکانییەوە، هەروەها عەباس کە هاوڕێی عائیشە مەغریبییە و لە ڕێگەی نامە گۆڕینەوەدا پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەیە.

ڕۆمانەکە فرەچەشنیی مەزهەبیی و ئایینی و زمان لەگەڵ شەقام دەخاتە ڕوو، کە شەقامی سەعدوونە لە گەڕەکی کەڕادە، لە میانی باکگراوەندی ژیانی خەڵکەکە سامانی شیوعییەکان و نەتەوە پەرستەکان، کودەتاچییەکان، بەندیخانەکان و ململانێی چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتریدا دەبینین.

کاتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بۆ سەردەمی گەمارۆی ئابووری لە سەر ئێراق لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی

ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، کە بە بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارە (٦٦١) لە ١٩٩٠/٨/٩ لە ئەنجامی داگیرکردنی وڵاتی کوێت لەلایەن سوپای ئێراقەوە بە سەر گەلی ئێراقدا سەپێنرا.

ڕۆمانەکە تەنزئامێزە و باسی ژیاننامەی نووسەرێکی نەناسراو لە شاری بەغدا، لە ساڵانی گەمارۆی ئابووری دەکات، هەروەها بێزاری خۆی لەو ژیانەی کە تێیدایە و ئارەزووی بۆ کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی لەو نەهامەتی و گرانیی بژێوی ژیانەی کە تێیدایە ڕزگاری ببێت.

ئەو گێڕانەوە جوانانەی کە ڕۆمانەکە لە خۆی گرتوون، وێڕای کەمی ڕووداوەکان و لاوازی پێوەندیی بەشەکان بە یەکترییەوە، نووسەری نەناسراو کاتێک بڕیار دەدات بچێتە ستۆدیۆکە وای بە باش زانی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بنووسێتەوە، بەو هیوایەی کە ببێتە نووسەرێکی بەناوبانگ وەک (نەجیب مەحفووز) و باسی چیرۆکی ژیانی خاتوو سوعاد بکات و لەو کاتەشدا چاوی بە کوڕ و کچەکەی سوعاد بکەوێ کە ناویان (عەباس و تەمارا)یە.

هەرچەندە ڕووداوەکان پێوەندییان بە یەکەوە نییە، هەروەها هەندێک هەڵوێستی بچووکی تێدایە زیاد لە پێویست گەورە کراوە و درێژدادڕی تێدا کراوە، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە بێزاری دەکەین، بەڵام وێڕای ئەمەش ئەم بیرۆکەیەی کە نووسەر ویستوویەتی بیگەیەنێت خۆی لە نەبوونی هیوا و ئومێددا دەبینێتەوە، بۆیە بڕیار دەدات کە سەر هەڵبگرێت و بچێتە دەرەوەی وڵات.

بە گشتی ڕۆمانەکە باسی بارودۆخێکی سەخت و دژوار دەکات کە لە ساڵانی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێراقدا پێیدا تێپەڕیوە، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات هەست بە ئێش و ئازار بکات کە گەلی ئێراق لەو سەردەمەدا چەشتوویەتی، هەروەها خەونەکانیان بۆ بەجێهێشتنی وڵات لە پێناوی گەیشتن بە دەرەوەی وڵات و دابینکردنی ژیانێکی شکۆمەندانە.

هەر سەبارەت بە نموونەی ڕۆمانی ژیاننامەیی و ڕەگەزی کات و شوێن وەک ئاماژەیەک بۆ جۆری ڕۆمانەکە و دانانی بە ڕۆمانی ژیاننامەیی، ئێمەش ڕۆمانێکمان بە ناوی (سەعید

زەبۆکی لای خۆمان) هەیە، لە ساڵی ١٩٩٧ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە ڕاستەقینەن و بەشێکن لە بیرەوەری و ژیاننامەی خۆم و بۆ سەرەتای سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، شوێنی ڕووداوەکانیش لەم ڕۆمانەدا بۆ گەڕەکی موفتی شاری هەولێر دەگەڕێنەوە.

لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێک برگەی ڕۆمانەکە دەکەین:

لە لاپەڕە (٣)دا هاتووە: ((دوای بیست ساڵ وەزیفە، ئینجا باوکم توانی چەند عانەیەک پێکەوە بنێت و پارچە عەردێک لە دەرەوەی شار کە گەڕەکی موفتی پێ دەڵێن بکڕێت و بە قەرز و فەرز چوار چاوە خانووی ڕۆژهەڵاتی لەسەر دروست بکات)).

بەم شێوەیە دەستپێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بۆ گەڕەکی موفتی دەگەڕێتەوە کە گەڕەکێکی کۆن و دیاری شاری هەولێرە و دەکەوێتە نێوان هەردوو شەقامی بازنەیی شەست مەتری و سەد مەتری لە ڕۆژهەڵاتەوە.

لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا بە ناوی (چۆن دووکانەکەی بەبێ مۆڵەت تەواو کرد)، لە لاپەڕە (٦٥)دا هاتووە: ((نیوەی

خانووەکانی گەڕەکی موفتی لەلایەن سەعید زەبۆکەوە دروست کرابوون، بۆیە زۆر کەس ناوی گەڕەکەکەی ئێمەی بە سەعیداوە دەبرد)).

هەروەها لە لاپەڕە (١٠) دا باسی سکاڵایەک دەکات کە ناوونیشانی دانیشتووی گەڕەکی موفتی و کۆمەڵێک ناوی ساختەی تێدا ڕیزکرابوو، گوایە دانیشتووی گەڕەکی موفتین و داوا دەکەن گەڕەکەکەیان پێوەندی بە گەڕەکی ئیسکان و جمهوورییەوە بپچڕێت و سەعید زەبۆک بکەنە موختاری گەڕەک، ڕاستییەکەی فریان بە گەڕەکی موفتییەوە نەبوو، ئەمەو حیکایەتخوانی هەموو شتزان دەڵێ: ((ئەوەبوو ئەو جارەیان لە نووکەوە کاغەزەکەم بۆیان خوێندەوە و هیچم لێی بەجێ نەهێشت، تەنانەت ئەوەی دەشمزانی درۆیە هەر بۆیانم خوێندەوە. کاغەزەکە بریتی بوو لە سکاڵایەک ناوونیشانی تێدا ڕیزکرابوو، گوایە ئەوانە دانیشتووی گەڕەکی موفتین و داوادەکەن گەڕەکەکەیان پێوەندی بە گەڕەکی ئیسکان و جمهورییەوە بپچڕێت و سەعید بکەنە موختاری گەڕەک)).

هەرچەندە لە چەند شوێنێک بە ڕاشکاوانە ئاماژە بە ناوی گەڕەکی موفتی کراوە، بەڵام ئەگەر لە تێکڕای ڕۆمانەکە وردبینەوە، دەبینین بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ کراوە بە دەستەواژەی (خەڵکی گەڕەک ل٦) ، و (گەڕەکەکەمان ل١٢) ، و (تا ئێستا بایەخ بەم گەڕەکەی ئێمە نەدرابوو ل١٤)، و (دایەرەی کارەبا دارتێلی کارەبای لە سەرتاپای گەڕەکەکەمان فڕێ دا ل١٦)، و (خەڵکی گەڕەک ل١٨) و (ناوی هەر پێنج دانیشتووی گەڕەکەکەمانی نووسیبوو ل١٥)، و دیارە دەیەوێ گەڕەکەکەمان بکاتە گەڕەکی بەڕاستی ل١٨) ، و (تا ئێستا بایەخ بە گەڕەکەکەی ئێمە نەدراوە ل١٨) و...تاد.

سابیر ڕەشید لە ژمارە (٩)ی ١٩٩٧/٣/٥ی گۆڤاری (ڕامان)دا، لە لاپەڕە (١١٨- ١١٩) بە ناوونیشانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە و بە ڕۆمانێکی تەنزئامێزی وەسف کردووە و دەڵێ: ((لەم بوارەدا ئەم ڕۆمانەی (کەمال سەعدی) هەوڵێکی پیرۆز و ئاواتبەخشە، چونکە یەکەم جارە لە بواری ڕۆمانی کوردیدا

بابەتێکی تەنز ئامێز دەخاتە کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە))، هەروەها سەبارەت بە بەکارهێنانی جێناوی یەکەمین کەسی تاک (من)، لە ڕۆمانەکەدا دەڵێ: ((لای کەمال سەعدی ڕۆڵی سەرەکی چیرۆکنووس بە جێناوی یەکەمین کەسی تاک (من) و (سەعید زەبۆک) پێکەوە هاوبەشن لە بنیادی تەوەری گشتیی چیرۆکەکە و پاڵەوانە ناسەرەکییەکان بۆ ڕاژەی باسکردنی سەعید زەبۆک دروستکراون)).

سەبارەت بە خستنە ڕووی ناوەرۆکی ڕۆمانەکەش دەڵێ: ((ڕۆمانی- سەعید زەبۆکی لای خۆمان- لە نۆزدە بەش و بەسەرهاتی جیاجیا پێکهاتووە و لە هەر بەشێکیاندا بەشێکی پێکهاتەی (سەعید زەبۆک) دەچنرێ تا ئەنجامەکەی دەبێ بە بەشێک لە ژیان و قاڵبوون لە کەسایەتی سەعید و دەشکرێ هەر بەشێک لەم بەشانە بە چیرۆکێکی جیا بخوێنرێتەوە و سەرجەم بەسەرهاتی سەعید زەبۆک و منی پاڵەوانی یەکەمی چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە ڕەنگرێژ بکەن)).

(سابیر ڕەشید: (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٩)، لە ١٩٩٧/٣/٥، لە لاپەڕە ١١٨-١١٩).

ئەم ڕۆمانە هەرای نایەوە، لە ساڵی ١٩٩٧ کاتێک بە یارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆمانی سەعید زەبۆکی لای خۆمانم چاپکرد، کەسێک لە ئەورووپا گەڕایەوە کوردستان و گلەیی لە م. فەلەکەددین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری کردبوو، ئەویش شاکر ڕۆژبەیانی بەڕێوەبەری گشتیی چاپەمەنییەکانی ناردە لای من و پێی وتم (مامۆستا دەڵێ کەسێکی وا لە هەندەران هاتووەتەوە و دەڵێ ئەم ڕۆمانە ناووناوبانگی منی زڕاندووە و باس لە ژیانی من دەکات)، بۆیە منی ناردووەتە لای تۆ و دەڵێ (بەیانی ئەو کەسە دێتەوە لام، چی وەڵام بدەمەوە؟). منیش وتم با پێی بڵێ ڕوو بکاتە دادگا، ئەگەر وایە داواکەی بسەلمێنێ.

ئەوەبوو ناوبراو پارێزەر وشیار ئەترووشی کردە بریکاری خۆی، کە یەکێک بوو لە پارێزەرە باشەکانی ئەو کاتە،

وەزارەتیش مافپەروەرێکی خۆیانی کردە نوێنەری وەزیری ڕۆشنبیری و منیش وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک پارێزەری ژووری پارێزەرانی هەولێر ئامادەییان پیشان دا لە بەردەم دادگا داکۆکیم لێ بکەن، بەڵام بە باشم زانی لەو کەیسەدا کە شارەزاییم لێی هەبوو، بەرگری لەخۆم بکەم. بەم شێوەیە لە بەردەم دادگای بەرایی هەولێر لەلایەن دادوەر ڕەئووف ڕەشید، بە ئامادەبوونی گشت لایەنەکانی داوا، دادگاییکردنەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی زۆری نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ئامادەی دانیشتنەکان بوون، لەوانە مامۆستای ڕەوانشاد پرۆفیسۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار و دوکتۆر شوکریە ڕەسووڵ و تاریق جامباز و سابیر ڕەشید و پارێزەر حوسامەددین سەرداری و لێکۆڵەری دادی سەردار عەزیز خۆشناو و پارێزەر ئاشتی؟ و نووسەر ئەیووب گەلاڵی و فارس سەعدی برام، هەروەها چەندانی تر بە نامە پشتگیرییان لێ کردم، لەوانە خوالێی خۆشبێ پرۆفیسۆر دوکتۆر سەعدی بەرزنجی و خوالێی

خۆشبێ مەهدی خۆشناو، لە ئاکامدا داوایەکە لە بەرژەوەندی من و وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکلا بووەوە.

ئەم جۆرە دادگاییکردنە، حاڵەتێکی نوێ بوو لە دادگاکانی کوردستان و یەکەم جار بوو لە سەر نووسین، نووسەر دادگایی بکرێت، بۆیە ئامادەبوونی ئەم کۆمەڵە نووسەر و ڕۆشنبیرانە لە بەردەم دادگا و داکۆکیکردنیان لە قەڵەم و وشە، وەک کەڕنەڤاڵێک دەهاتە پێش چاو، ڕاستییەکەی ڕێکخەری ئەو کەڕنەڤاڵەش مامۆستای گەورەمان دوکتۆر مارف خەزنەدار بوو، کە ئەم نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و لە بەردەم دادگا وەک پارێزەرێک داکۆکییان لێ دەکردم، ئەو هەمیشە وەک باوک و مامێک بوو بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرە لاوەکان و لە کاتی تەنگانەدا پشت و پەنایان بوو.

لە خوێندنەوەی ڕۆمانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شوێنەی نووسەری ڕۆمانەکە لێی نیشتەجێ بووە، لەگەڵ ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی تێدا ڕوویداوە، کە گەڕەکی (موفتی)یە لە

شاری هەولێر، هەمان شوێنە، هەروەها سەبارەت بە کاتی ڕووداوەکانیش لەگەڵ ئەو کاتانە یەک دەگرێتەوە کە نووسەری ڕۆمانەکە لە گەڕەکی موفتی لە شاری هەولێر ژیاوە، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕووداوەکانی ڕۆمانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) زۆربەیان ڕووداوی ڕاستەقینەن و پاڵەوانی ڕۆمانەکە و کارەکتەرەکانیش بە هەمان شێوە کەسی ڕاستەقینەن و سەرجەمیان دانیشتووی گەڕەکی موفتین، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕۆمانی ناوبراو، ڕۆمانی ژیاننامەییە، بەو پێیەی کەرەستەی سەرەکی ڕۆمانەکە خۆی لە چەند وێستگەیەکی ژیانی نووسەرەکەدا دەبینێتەوە.

## ناوی کەسایەتی ڕاستەقینە لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا

بەکارهێنانی ناوی ڕلستەقینە لە ڕۆماندا بە گشتی و لە ڕۆمانی ژیاننامەیی بە تایبەتی، مشتومڕێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە، هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە نابێت ناوی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا بەکاربهێنرێت، چونکە لەگەڵ ژانری ڕۆمان ناگونجێت کە پشت بە خەیاڵ دەبەستێت، ئەمەش وا دەکات لە ژانری ژیاننامەی نزیک بکاتەوە نەک ڕۆمان، بەڵام هەندێکی تر لەگەڵ ئەوەدان کە بەکارهێنانی ناوی ڕاستەقینە هیچ لە گرنگی و ناوەرۆکی ڕۆمانەکە کەم ناکاتەوە و لە سیفەتەکانی ناگۆڕێت و هیچ جیاوازی نییە ناوی ڕاستەقینە بۆ کەسایەتییە ڕاستەقینەکانی ناو ڕۆمان بەکاربهێنرێت، یان ناوی خوازراو، بەڵکوو هۆکاری بەکارنەهێنانی ناوی ڕاستەقینە بۆ خۆپارێزی ڕۆماننووسەکە لە بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەو ترس و لەرز و دڵەڕاوکێیەی دەگەڕێتەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکە لەلای دروست دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بێتو گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی دراونەتە پاڵ ئەو

کەسایەتییانەی ناو ڕۆمانەکە، ناوزڕانی بۆ ئەو کەسە تێدابێت، کەواتە ئەم بابەتە زیاتر پێوەندی بە خودی ڕۆماننووسەکەوە هەیە، نەک بە لایەنە هونەرییەکەوە.
(امیر تاج السر) ڕۆماننووسێکی سودانییە کە خاوەنی ڕۆمانی (مهر الصیاح) و (زحف النمل) و (توترات القبطي) و (العطر الفرنسي) و (صائد الیرقاد) و (ایبولا ٧٦) و (ارض السودان..الحلو والمر) و (طقس) و چەندان ڕۆمانی ترە، لە نووسینێکیدا لە بارەی بەکارهێنانی ناوی کەسایەتییە ڕاستەقینەکان لە ناو ڕۆماندا دەڵێ: ((دوای چەندان ساڵ لە خوێندنەوە و نووسین، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ناوی کەسایەتییەکان لە هەر کارێکی چیرۆک و ڕۆماندا، پێویستە لەگەڵ کەسایەتییەکە هاوچەشن بێت، بە مانایەکی تر پێویستە لە ڕووی پێکهاتە و سیفاتەکانیدا بە کەسایەتییەکەی ناو ڕۆمانەکە بچێت، کە ئەمەش هێزی پێ دەبەخشێت. لەوانەیە ئەمە وابکات وێنەی ئەو کەسایەتییە لە هزری خوێنەر بە قووڵی بنەخشێت کە دەقەکە دەخوێنێتەوە)). (امیر تاج السر: اسماء الشخصیات فی

الاعمال الروائية، متاح على الانترنت https; www. Aljazeera. net). و د. محمد عبدالله القواسمة: الشخصية الحقيقية فى الرواية، متاح على الانترنت https; pulpit. Alwatnvoice. Com).

هەروەها دوكتۆر (محمد عبدالله القواسمة) لە نووسینێكیدا دەڵێ: ((هەندێک لەو هونەركارییانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆماندا دەركەوتووە، دیاردەی بەكارهێنانی كەسایەتییەكانە بە ناوی ڕاستەقینەیان. ڕەنگە ئەو كەسایەتییە یەكێک بێت لە كەسایەتییە مێژووییەكان، یان كەسایەتی ئەدەبیی، یان ئایینیی، یان كۆمەڵایەتیی، یان سیاسەتمەدارێكی ناودار، لەوانەیشە كەسێكی نزیک بێت لە ڕۆماننوسەكە، یان خزمی بێت. هەندێک لە ڕۆماننووسەكان خۆیان وەک كەسایەتییەكی ناو ڕۆمانەكانیان بەكار دەهێنن. ئەو ستایلەمان لە بەكارهێنانی ناوی ڕاستەقینە لە ڕۆمانی مێژووییەوە بۆ گوێزراوەتەوە، كە لە دروستكردنیدا پشت بە كەسایەتی ڕاستەقینە دەبەستێت هەروەک لە كتێبە مێژووییەكاندا ئاماژەی پێ كراوە. ئەم دیاردەیە (واتە

دیاردەی بەکارهێنانی کەسایەتی و ناوی ڕاستەقینە) درێژەپێدانی ڕۆمانی مێژوویین، کە لای ڕۆژئاواییەکان دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی (واڵتەر سکۆت) و (ئەیفانهو) و (ویفرلی) و (الطلسم) ناسرا، هەروەها لەلایەن عەرەبیشەوە دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکانی (سلیم البستانی) ناسرا)).

بەم شێوەیە وەک دەبینین دیاردەی بەکارهێنانی ناوی ڕاستەقینە بۆ کەسایەتییە ڕاستەقینەکان لە ڕۆمانی مێژووییەوە هاتە ناو ڕۆمانی هونەرییەوە، بەمەش ژانرێکی تری ئەدەبی بە ناوی (ڕۆمانی ژیاننامەیی) لە دنیای ئەدەبدا پەیدا بوو. بۆ نموونە ئەم کەسایەتییە ڕاستەقینەیە لە ڕۆمانی (نساء) لە نووسینی ڕۆماننووسی ئەمریکی (چارلز بۆکۆڤسکی) بەدی دەکەین، کە لەو ڕۆمانەیدا چارلز بۆکۆڤسکی کەسایەتی هەندێک ژنی بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان بەکار هێناوە. بەکارهێنانی ئەم شێوازە هونەرییە لەلایەن ڕۆماننووسەوە، بە تایبەتی بەهۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕ و تەنز ئامێز وێنای ئەو ژنانەی کردبوو، ئەمەش بووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ بۆی،

تەنانەت لای هەندێک لە هاوڕێکانی گوتبووی لەوانەیە بە هۆی ئەو ڕۆمانەوە بکوژرێت.

نموونەیەکی تر لەو جۆرە کەسایەتییە ڕاستەقینانە، ئەو کەسایەتییانەن کە ڕۆماننووس (ربعي المدهون) لە ڕۆمانی (مصائر: کونشرتو الهولوکوست والنکبة) و (السیدة من تل ابیب)دا بەکاری هێناون، لەوانە ناوی (ربعي المدهون) کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی، هەروەها چەندان کەسایەتی تر بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان لەناو ڕۆمانەکانیدا بەکارهاتوون، وەک کەسایەتی (ئەمجەد ناسر) و (عیزەددین قەسام) و (یاسر عەرەفات) و (مەحموود دەروێش) و (شارۆن) و (ڕابین) و چەندانی دیکە.

هەڵبەت دوکتۆر (محمد القواسمة) پێی وایە بەکارهێنانی کەسایەتی بەم شێوە ڕاستەقینەیەی وا دەکات کاریگەرێتی لە سەر ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە نەبێت، هەروەها وادەکات کە وەک جەستەیەکی بێ گیان دەرکەوێت، ئەمەش کارێکی وەها دەکات ڕۆمانەکە لە مێژووەوە نزیک ببێتەوە و خوێنەر

وەک کەسایەتییەکی ناو ڕۆمانەکە ناوی نەهێنێت، ئەگەر بێتو هیچ ڕۆڵێکی لە دنیای خەیاڵدا نەبێت.
ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ، هەرچەندە لە ڕۆماندا کەسایەتی ڕاستەقینە وەک ڕەگەزێکی سەرنجڕاکێشان دادەنرێت، بەڵام پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆ ئەوەی بە شێوە ڕاستەقینەکەی نەچێتە ناو ڕۆمانەوە و وای لێ نەکات کە لە گێڕانەوەی مێژوو نزیک بێت کە ڕووداوەکانی ڕاستەقینەن و لەو هونەرەکە دوورکەوێتەوە کە نزیکە لە دنیای خەیاڵ.

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٢٩٩-٣٠٠) ٥ ی ٩-١٠ ی ٢٠٢٢، هەروەها ژمارە (٣٠١-٣٠٢) ٥ ی ١١-١٢ ی ٢٠٢٢، بڵاوکراوەتەوە.**

## ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) وەک نموونەی ڕۆمانی ژیاننامە

ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) هی نووسەر و ڕۆماننووسی کورد (دکتۆر فەرهاد پیربالّ)ە، دەزگای ئاراس بە قەوارەیەکی گەورە و (٢٠٨) لاپەڕە و بە تیراژی (١٠٠٠) دانە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆ یەکەمین جار چاپی کردووە و لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٣٠٣)ی ساڵی ٢٠١٠ ی پیدراوە.

دانەری ڕۆمانەکە لەدوا لاپەڕەدا ڕوونکردنەوەییێکی کورتی بۆ خوێنەرانی ڕۆمانەکە بڵاوکردۆتەوە وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ڕۆمانێکی ژیاننامەییە و دەڵێ: (سەرجەم ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و کەسەکان تا ئێستاش لە ژیاندا ماون، بەڵام پێویستە ئاماژە بەمە بدەم کە لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێ لە شوێنەکانم لەم گێڕنەوەیەدا گۆڕیوە.

زۆر بە داخەوەم بۆ چارەنووس و ژیانی مسیۆ لووسینای ئەویندار، لووسینای هاوڕێم، کە عیشقی (زێبا) عیشقی بێ سنووری (زێبا) لە ئێران هەڵی لووشی و... تاکوو ئێستا بەهیچ شێوەیەک هیچ سەروشوێنێکی نییە... لەو ڕۆژەشەوە هیچ هەواڵێکی نازانم.

منیش کە لەساڵی ١٩٩٤ بەملاوە بە یەکجاری گەڕامەوە بۆ کوردستان و تاکوو ئەمڕۆش هەر لە هەولێر دەژیم، هەر وەختێک جاربەجار کاتێ سەرێکی پاریس دەدەمەوە و بە بەردەم هوتێلی (ئەورووپا)دا تێپەڕ دەبم، کاتێ دەبینم مسیۆ لووسینا هێشتا هەر لە ئێران، بێ هەواڵ و بێسەروشوێنە، خەریکە دڵم شەق دەبات.... هەولێر ٢٠١٠/٣/٧

ئەم ڕوونکردنەوەیە لەلایەن دانەرەوە هیچ تەمومژێکی لەسەر جۆری ئەم ژانرە ئەدەبییە نەهێشت کە لە بەر دەستمان دایە، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەکوو پاڵەوانێکی سەرەکی ڕۆمانەکە بە ناوی فەرهاد کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی، وایکردووە ڕۆمانەکە بە ڕۆمانێکی ژیاننامەیی پۆلین بکرێت.

ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا باسی سەربردەی ژیانی خۆی دەکات، لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان تا ساڵی ١٩٩٤ لە سەدەی ڕابردوو، کاتێک بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٨١) دا لە دەست سەربازی ڕای کردووە بۆ ئێران و بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردوگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدانی ژوب اهن) لە شاری (کەرەج) دەمێنێتەوە، پاشان لەوێوە بە ڕێگای سووریا دەچێتە پۆڵۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا، دوای دوو ساڵ لە چاوەڕوانی وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی، جارێکی دی ڕێگای قاچاغ دەگرێتەوە بەر و دەچێتە فەرەنسا و لەوێ دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی لە ڕۆژی (١٩٩٤/١٠/٢٤) بە یەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان.

ئەم ڕۆمانە سێ پاڵەوانی سەرەکی و چەندین کارەکتەر لە خۆی دەگرێت، فەرهاد پیرباڵ کە دانەری ڕۆمانەکەیە، لەگەڵ دوو پاڵەوانی دی (محەمەدی حاجی زادە) و (مسیۆ لووسینا) یەکێکە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە.

محەمەدی حاجی زادە پیاوێکی ئایینییە تەمەنی دەوروبەری چل و پێنج ساڵ دەبێت، پێشتر پلەیەکی باڵای لە حەوزەی عیلمی تاران هەبووە و بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسییەوە کە پێی وابووە (دین دەبێت لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە) ڕژێمی ئێران جلوبەرگی مەلایەتی لێ سەندووەتەوە، بەو هۆیەشەوە چیدی شەڕەفی ئەوەی نەماوە کەشیدەی مەلایەتی لەسەر بنێ. ماوەیەک لەژێر چاودێری دەمێنێتەوە، دوایی لە دیسی گرتن و زیندانی کردن، بە قاچاغ سنووری ئێران و تورکیا دەبەزێنێت و دەچێتە ناوچەی (شەمزینلی) لە باکووری تورکیا. ماوەییێک لەوێ لە کەمپی پەناهەندان دەمێنێتەوە، پاش چەند مانگێک دەچێتە وڵاتی فەرەنسا و لەوێ لەگەڵ فەرهاد یەکدی دەناسن.

مسیۆ لووسینا، بە ڕەچەڵەک جوولەکەی پورتوگالی بوو، خاوەنی (هوتێل ئەورووپا) بوو، کەسێکی دەوڵەند و خاوەنی دوو هوتێلی دی و چەندین باڵاخانە بوو لە پاریس و ئۆکسفۆرد و تەلئەبیب، لە خانەوادەکەی تەنیا خۆی و دایکی لە ژیان مابوونەوە، ئەندامانی خانەوادەکەی و خزم و

کەسە نزیکەکانی لەلایەن ئەڵمانییە نازییەکانەوە قەتلوعام کرابوون. فەرهاد دوای ئەوەی دەچێتە فەرەنسا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، شەوان لە کاتژمێر هەشتی ئێوارە تا هەشتی بەیانی لەو هوتێلە کار دەکات. شەوانیش لە دوای کاتژمێر نۆ و نیوی شەو پاش ئەوەی میوانەکان دەخەون، خەریکی وێنەکێشان دەبێت.

ئەگەر لە ناوەڕۆکی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) ورد ببینەوە، دەبینین گشت تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ژیننامەیی تێدایە، کە بریتین لە (ڕێککەوتن المیپاق) و (هۆکارەکان الدوافع) و (ململانێ الصراع) و (ڕاستی و خەیاڵ الحقیقة والخیال) و (ڕاستگۆیی و ڕاشکاوانە الصدق والصراحة).

## یەکەم: ڕێککەوتن (المیثاق)

ڕێککەوتننامە بە پردی پەیوەندی دادەنرێت لە نێوان حیکایەتخوان (الراوی)و خوێنەر، لەمیانی ئەو ڕێککەوتنەدا دەتوانین ڕۆمانی ژیاننامەیی لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی

جودا بکەینەوە، بە مانایەکی دی ڕێککەوتننامە ناسنامەی دەقە ئەدەبییەکەمان بۆ دیار دەکات، هەروەها هەندێک شتی دیکەشمان بۆ ئاشکرا دەکات، وەکو کەیسی گێڕەرەوەکە و زمانی دەقەکە و کارەکتەرەکان، ئەگەر سەرەکی بن یان لاوەکی بن، بەم شێوەیە تاچەند دانەر و حیکایەتخوان و کارەکتەری سەرەکی پێک دەچن، بەم شێوەیە ڕێککەوتن بریتییە لە گێڕانەوەییێکی ئیسترجاعیی پەخشانی، کەسێکی ڕاستەقینە لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆی دەیگێڕێتەوە.

لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان دانەری ڕۆمانەکە و خوێنەر بەدی دەکەین، لەبارەی ڕاستی و دروستی دەقە ئەدەبییەکە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لەمیانی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا خوێنەر دەتوانێت هەندێک زانیاری گرنگی پێ بگات، کە پەیوەندی بە حیکایەتخوان، یان ڕۆماننووسەکەوە هەیە، بە پێچەوانەی ئەمە ئەو پەیوەندییە لە نێوان ڕۆماننووس و خوێنەر دەپچڕێت و ڕۆماننووسەکە وا دەکات خوێنەر لەناو هەندێک ئەزموونی خەیاڵیدا بژی، کە زۆر زەحمەتە بۆ خوێنەرەکە ناسنامەی

ئەو دەقە دیاری بکات کە دەیخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە نێوان دانەری ڕۆمانەکە و خوێنەرەکە بوونی نییە.

کەواتە ڕێککەوتننامەکە وەک دەستپێک وایە بۆ زانینی ڕاستیی ڕۆماننووسەکە و زانینی ژینگەکەی و ئەو دونیایەی تێیدا دەژی.

هەرچەندە ڕێککەوتننامە خۆی لە خۆیدا، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی دەگۆڕێت، وە لە دەقێکی ئەدەبییەوە بۆ دەقێکی دی، لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا دەبینین نووسەر، یان ڕۆماننووس دەڵێ: ئەوە ژیانمە... هتد، واتە لێرەدا ڕۆماننووس ئاگادارمان دەکاتەوە و دەڵێ: ئەوە کەسایەتی منە، بە پێچەوانەوە لە ڕۆمانەکانی دیدا، ئەم شتە بەدی ناکەین، واتە نووسەری ڕۆمانەکە پێمان ڕاناگەیەنێت کە ئەو کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەیە، بەڵکوو پەنا دەباتە بەر شێوازی هونەری بۆ شاردنەوەی خۆی و ئاشکرانەکردنی کەسایەتییەکەی، ئەو شێوازە هونەریەش بریتیە لە تەکنیکی گشتاندن، ئەمەشمان لە بەیەکنەچوونی دانەر و کەسایەتی

ناو ڕۆمانەکە بۆ دەردەکەوێت، هەروەها کاتێک دانەر پەنا دەباتە بەر ناوێکی خوازراو بۆ ئەو کارەکتەرەی کە لە ناو ڕۆمانەکەیدا تەمسیلی ئەو دەکات و پاڵەوانی سەرەکییە، لەکاتێکدا پاڵەوانەکە خودی دانەرەکەیە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە وادەکات دانەر لە پەنای ناوی خوازراوەوە خۆی بشارێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناتوانێت بەناوی ڕاشکاوی خۆی باسی هەموو شتێک بکات، نەوەکوو ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی ببێتەوە.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە خاڵێکی دیی گرنگ دەکەین ئەویش ئەوەیە ڕێککەوتننامە لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا دەکرێت ڕاشکاو بێت، یانیش زمنی بێت بە ئاماژە بۆ کردن، جا ئەو جۆرەی دوایی خوێنەر تووشی کێشەیەکی گەورە دەکات، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، یان لە دەقەکە ناگات، یان خراپ تێی دەگات، واتە لەو مانایە دوور دەکەوێتەوە کە دانەری ڕۆمانەکە مەبەستی بووە.

## دووەم: هۆکارەکان (الدوافع)

فەرهاد پیربالٚ لە ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا) زۆر بە ڕوونی هۆکاری نووسینی ئەم ڕۆمانەی خستۆتەڕوو، کە بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران، لە ترسی سەربازی وڵاتی بەجێ هێشتووە و چۆتە هەندەران.

لە لاپەڕە (٧٧)دا دەڵێ: (تێبینیم کردبوو، ئەو قسانەی لەبارەی خۆمەوە دەمکردن هەمیشە لە یادەوەریی مسیۆ لووسینادا دەمانەوە. چونکە پێشتر بە فراوانی بۆم گێڕابووەوە، کە من چۆن لە ساڵی (١٩٨١)دا، واتە لە دەستپێکی شەڕی عێراق و ئێراندا، لە دەست سەربازی ڕام کردبووە ئێران و بۆ ماوەی هەشت مانگ لە ئۆردوگای پەناهەندانی کوردی عێراق لە (مەیدانی ژوب اهن) لە شاری (کەرەج) مابوومەوە، چۆنیش لەوێوە بە ڕێگای سووریاوە چووبوومە پۆلۆنیا و ئینجا ئەڵمانیا، چۆنیش لەوێوە – دوای ساڵێکی ڕەبەق چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی–

به قاچاغ سنووری ئەڵمانیام بڕیبوو و خۆم گەیاندبووە فەرەنسا .)

هەروەها دانەر کە خۆشی پاڵوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی ئازارەکانی خۆی دەکات لە فەرەنسا و سۆزی نیشتمانی دایکی لە بیر نەچووە، بەڵام بە ناچاری ئەم دوورکەوتنەوە کاتییەی قبووڵ کردووە، هەربۆیە لە لاپەڕە (١٥٦) دا دەڵێ: (بە کورتی، لەم ئیشی پاسەوانییەی (هوتێل ئەوروپا) وەڕس بووبووم. هەموو ڕۆژێک سەعات هەشت و دە دەقیقەی بەیانی، میترۆی (پواسۆنییێغ)م دەگرت و سەعات هەشت و نیو دەگەیشتمە ماڵەوە، تا دەمەدەمی نیوەڕۆ دەنووستم. پاش نیوەڕۆ بەرەڵای شەقامەکانی پاریس دەبووم، تا کاتی دەست پێکردنەوەی کارەکەم، سەعات هەشتی ئێوارە، دەبووایە دیسان لە پێشوازیی هوتێل ئەوروپا ئامادە بووبام، بەبێ یەک خولەک دواکەوتن، چونکە لەساتی دیاریکراودا، مسیۆ ڤیکتۆر، قووڵە ڕەشێکی خەڵکی (بورکینا فاسۆ) کە لەماوەی ڕۆژەکەدا لە جێگەکەی من دەوامی دەکرد، دەبووایە هوتێل

جێ بهێڵێت و بچێت بە دوای منداڵەکانی خۆیدا کە دەیگوت لە (ئەنتۆنی)ن و نزیکەی نیو سەعاتێک بە (RER) لە هوتێلەکەوە دوور بوون، نەیدەویست دوابکەوێت و میترۆی کاتی دیاریکراوی لە دەست بچێت)

هەروەها باسی دەستبەرداربوونی مرۆڤ دەکات لەو بەها پیرۆزانەی کە لە زێدی نیشتمانیدا باوەڕی پێیەتی، بەڵام کاتێک ئاوارەی وڵاتان دەبێت و دەبێتە پەناهەندە، لە پێناوی پارویێک نان، بە ناچاری دەستبەرداریان دەبێت.

لە لاپەڕە (١٧٩-١٨٠) دا دەڵێ: (جاران، ئەو کاتەی من لە هوتێلەکە بووم، نیوە شەوان، زۆربەی جاریش لە دوای سەعات دوو و نیوی شەو بەملاوە، پیاوێکی دەوڵەمەندی عەرەب، یان پیاوێکی ئەفریقی - بە شێوەیەکی گشتیش زۆربەی جار ئاسایی - خۆی و ژنێکی سۆزانیی نیوە ڕووت لە زەنگی دەرگای هوتێلەکەیان دەدا و دەرگەم لێ دەکردنەوە... دەهاتن لە بەردەم نووسینگەی پێشوازیی هوتێلەکە داوای ژوورێکیان دەکرد (بۆ ماوەی تەنیا نیو سەعات) یان بۆ ماوەی تەنیا یەک سەعات، لەو کاتانەشدا

ئەو جۆرە میوانانە هەمان نرخی ئاسایی شەوێک مانەوەیان بۆ دوو کەس دەدا. من لەو کاتەدا بێگومان دەمزانی کە تەنیا نیو سەعات لە ناو ژوورەکەدا دەمێننەوە. پێشوەختە کرێی (٣٥٠) فرەنکم لێ وەردەگرت ئینجا کلیلی ژوورەکەم دەدانێ. کاتێ ئیشی خۆیان تەواو دەکرد، دەهاتنە خوارەوە و کلیلەکەیان دەدامێ و دەڕۆیشتن)

دانەر لەسەر زاری پاڵەوانێکی دیی ڕۆمانەکە، کە ناوی محەمەدی حاجی زادایە، مەلایەکی خەڵکی تارانە و لە زوڵم و ستەمی ڕژێمی خومێنی هاتۆتە پاریس و داوای مافی پەناهەندەیی کردووە، ئەم دەست بەرداربوونەی لە بەهاکان بە تێکشکان داناوە. کاتێک فەرهاد بۆ ماوەیێک دەچێتە قەراغی دەریا لە شارۆچکەی سانت مالۆ، محەمەدی حاجی زادە لەجیاتی فەرهاد دەبێتە پاسەوانی (هوتێل ئەوروپا) ئەویش وەکوو فەرهاد لە درەنگانی شەو ژووری داوە بەو کەسانەی کە لەگەڵ ژنە سۆزانییەکان بۆ سێکسکس کردن دێنە هوتێل، مەحەمەدی حاجی زادە لە پەیوەندییێکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ فەرهاد، ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

(ئەو نەوعانە زۆر دێن. ئەفریقی، تورک، بەتایبەتی عارەبی دەوڵەمەندی سعوودی و سووریایی. جارێکیان بەحرێنییەک هات، حاجی بوو، دیشداشەیەکی سپیی لەبەر، بەو شەوە، ژنێکی سۆزانیی فەرەنسیی لەگەڵ خۆی هێنابووە بەردەم پێشوازییەکە. ئەو دەوڵەمەندە بەحرێنییە ڕەش ڕەش ڕەش، ژنە فەرەنسییەکەش دەتگوت پەنیرە، سپی سپی سپی. هەفتەی بەلای کەمییەوە پینج شەش کەسی لەم جۆرە دێنە هوتێلەکە. شەوی واهەیە، سێ چوار ژوور بەم شێوەیە بە کرێ دەدەم.. بەتایبەتی ڕۆژانی کۆتایی هەفتە. هەر عەرەبێکی دەوڵەمەندە و دێ ژنێکی سۆزانیی بەگەڵ خۆی داوە و داوای ژوورێک دەکات بۆ ماوەی تەنیا بیست دەقیقەیەک! بەینی خۆمان بێ، هەموو جارێک سێ سەد و پەنجا فرەنکەکە وەردەگرم و ڕێک دەیخەمە باخەڵی خۆمەوە... ئەگەر تۆ هەر لە سانت مالۆ بمێنیتەوە، لە ماوەی ساڵێکدا بۆ خۆم دەبمە ملیۆنێر)

مەحەمەدی حاجی زادە دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە دەڵێ: (ئەورووپاییەکان کاتێ تێک دەشکێن و بەم شێوەیە

بەدبەخت دەبن، ئینجا دادەبەزنە خوارەوە بۆ ئاستی ئێمەی پەناهەندە... ئاغای فەرهاد!)

ئەمەو فەرهاد پیربالٚ لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)دا هۆکارێکی دیی نووسینی ئەم ڕۆمانەی بۆمان ئاشکرا کردووە، ئەویش پەیوەندی بە ڕژێمی ئێرانەوە هەیە. لە ڕۆمانەکەدا لە ڕێگای محەمەدی حاجی زادەوە کە لەسەر بیر و بۆچوونی جیاواز جلوبەرگی مەلایەتییان لێ سەندووەتەوە و لە پێش نوێژی و خوتبەخوێندن مەنعیان کردووە، هەر بەو هۆیەشەوە وڵاتی خۆی بەجێ هێشتووە و بووەتە پەناهەندە لە فەرەنسا.

محەمەدی حاجی زادەش پالٚەوانێکی دیی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی ئەو فشارە زۆرە دەکات کە لە سەر بیروڕای ئازاد و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن نوخبەیەکی پیاوانی ئایینی و شیعە مەزهەبەوە هەیە.

فەرهاد پیربالٚ لە ڕێگای محەمەدی حاجی زادەوە دەیەوێت ڕژێمی ئێرانمان پێ بناسێنێت و لە هەمان کاتیشدا سەرزەنشتی بکات.

له لاپەڕە (١١) دا محەمەدی حاجی زادە دەڵێ: (لە ئێران هەر کاتێک ڕژێم بکەوێتە سەر مەلایەک کە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، یان ئەگەر هەست بکەن ئەو مەلایە بە تەواوەتی پەیڕەوی فەرمانەکانی ڕژێم ناکات، ئەوا دەسەڵاتی لێ دەسەننەوە و (خەلعی لیباس)ی دەکەن)

هەروەها محەمەدی حاجی زادە هۆکاری دوورخستنەوەی لە مەلایەتی و ئەندامێتی حەوزەی عیلمی تاران دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو پێیوابووە دەبێت دین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە. کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو فەلسەفەیە کە حوکمڕانیتی ئێران لە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی خومێنی لە ساڵی (١٩٧٩)وە لە سەری دامەزراوە.

لەمبارەیەوە لە لاپەڕە (١١) دا دەڵێ: (من ڕام وابوو کە دین دەبێت لە دەوڵەت تا ڕادەیەک جودا بکرێتەوە)

هەروەها سەبارەت بە زەبروزەنگی ڕژێمی ئێرانی بەتایبەتی لە سەردەمی (ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی)دا لە لاپەڕە (١٤-١٥)دا دەڵێ: (لە سەردەمی زەبروزەنگ و پەلامارەکانی (ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی)دا، پاش ئەوەی خەلعی لیباسیان کردم و لە

(حەوزەی عیلمی تاران) دەریانکردم، من دەمزانی کە ئیدی وازم لێ ناهێنن، دەمزانی لە ژێر چاودێریدا دەمێنمەوە و حەتمەن چەند حەفتەیەک دواتریش، بە هەر هەنجەتێک بێت دێن خەپسم دەکەن و دەمخەنە ناو سەدان مەلای دیکەوە کە خەلعی لیباسیان کردبوون)

هەروەها لە شوێنێکی دی لە ڕێگەی کەسایەتی محەمەدی حاجی زادەوە باسی نامۆڕالی هەندێک لە پیاوانی ئایینی دەکات لەپێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا چۆن دەستبەرداری پرەنسیپەکانی ڕەوشت دەبن.

لە لاپەڕە (١٥) دا دەڵێ: (من لە شەمزینلی لەگەڵ کچێکی ئازەری، کە کۆمۆنیست بوو و ئەویش وەکو من لە دەست کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕای کردبوو، وا ڕێک کەوتین کە کاتێ خۆمان دەدەینە دەستی پۆلیسی تورکیا، لە کاتی توێژینەوەدا دەڵێین ژن و مێردین، من تا (شەمزینلی) ئەسڵەن ئەو کچە کۆمۆنیستەم هەر نەشدەناسی. کچەکە بە ئەسڵ خەڵکی تەورێز بوو، دەیگوت لە تاران دەژیم. ئەویش، ئۆپۆزیسیۆن، لەدەست ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

دەیویست ڕابکاتە ئەورووپا و خەباتی سیاسی خۆی دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ناو هاوڕێ توودەییەکانی لە ئەورووپا درێژە پێ بدات. هەردووکمان لە ڕێگەی بەرە و ئەو شارە سنوورییەی تورکیا واتە لە ڕێگەی بەرەو (شەمزینلی) یەکدیمان ناسی)

محەمەدی حاجی زادە لە درێژەی قسەکانیدا لە لاپەڕە (١٦) دا دەڵێ: (بڕیارماندا لە لای پۆلیسی تورک بڵێین کە ئێمە ژن و مێردین، ئەم ڕێککەوتنەشمان تەنیا لە پێناو ڕزگارکردنی خۆمان بوو، بۆ ئەوەی زووتر و ئاسانتر ڕزگارمان ببێت. چونکە لە تورکیا، هەم لە لای پۆلیسی تورک و هەم لای پۆلیسی UN دەمانزانی، پەناهەندە ژن و مێردەکان زیاتر ڕێزیان لێ دەنرا و فایلەکەیان بە پەلەتر بەڕێ دەخرا و زووتر بەرەو ئەورووپا بەڕێ دەخراین)

فەرهاد پیرباڵ لە ڕۆمانی (هوتێل ئەورووپا)دا پەردە لەسەر ڕووی هەندێک مەلای ئایینی لادەبات و ڕووی ڕاستەقینەیان پیشانی کۆمەڵگە دەدات.

فەرهاد بۆ ماوەییێکی کاتی دەچێتە دوورگەی سانت مالۆ و محەمەدی حاجی زادە لە جێگەی خۆی دادەنێت و زۆر جاران بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکات و لە بارەی ئیش و کارەکانی هوتێل پرسیاری لێدەکات، دەڵێ: (محەمەدی حاجی زادە لە تەلەفۆن دەیگێڕایەوە دەیگوت: ئەم نەوعانە زۆرن دێن. ئەفریقی، تورک بەتایبەتی عارەبی دەوڵەمەندی سعوودی و سووریایی. جارێکیان بەحرێنیەک هات، حاجی بوو، دیشداشەیەکی سپی لەبەر، بەو شەوە، ژنێکی سۆزانیی فەرەنسی لەگەڵ خۆی هێنابووە بەردەم پێشوازییەکە. ئەو دەوڵەمەندە بەحرێنییە ڕەش ڕەش ڕەش، ژنە فەرەنسییەکەش دەتگۆت پەنیرە، سپی سپی سپی)

محەمەدی حاجی زادە لە درێژەی قسەکانیدا، کە بۆ فەرهاد پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوە، لە لاپەڕە (١٨) دا دەڵێ: «هەفتەی بە لای کەمییەوە پێنج شەش کەس لەم جۆرە دێنە هوتێلەکە. دەزانی! ئەرێ ئەوە کاتی تۆش هەر وابوو؟ شەوی وا هەیە، سێ چوار ژوور بەم شێوەیە بە کرێ دەدەم. .. بەتایبەتی ڕۆژانی کۆتایی هەفتە. هەر عارەبێکی

دەوڵەمەندە و دێ ژنێکی سۆزانیی بەگەڵ خۆی داوە و داوای ژوورێک دەکات بۆ ماوەی تەنیا بیست دەقیقەیەک!)

ئەمەو محەمەدی حاجی زادە لە کۆتایی قسەکانیدا لە لاپەڕە (١٨٠-١٨١) دا دەڵێ: (بەینی خۆمان بێ، فەرهاد! بەڵام یەکسەر دوای تەواوبوونی ئەوان، دەچم بە پەلە ناو نوێنەکە ڕێک دەخەمەوە و حەمامەکەش پاک پاک دەشۆم. بەڵام جاری واش هەیە ئەسڵەن، سەگبابانە، خۆشیان بسمیل ناکەن و حەمامەکە پاک پاک جێ دەهێڵن. ئەگەر تۆ هەر لە سانت مالۆ بمێنیتەوە، من لێرە لە ماوەی ساڵێکدا بۆ خۆم دەبمە ملیۆنێر)

## سێیەم: ڕاستی و خەیاڵ (الحقيقة والخيال)

ڕاستی و خەیاڵ دوو تایبەتمەندیی دژ بە یەکن، خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لە یەکدی و جیاوازی نێوان جۆرەکانیان، ئازادیی لە بەکارهێنانی ڕووداوەکان، جیاوازی لە نێوان ڕۆمان و

ژياننامە دروست دەكات، ئەديب ئازادييێكی تەواوی هەيە لە دروستكردن و بونيادناندا، هەروەها ئەو ئازادييەی هەيە كە وێنای ئەو حاڵەتانە بكات كە لە واقيعدا بوونيان نييە، هەروەها مافی ئەوەی هەيە ئەو تەوژمی ناوەوەی (التيار الداخلی) خۆی لە هەمان ئەو كارەكتەرانەدا زياد بكات كە دەيكێشێت، بەڵام ئەم قسەيە لەسەر ڕۆمانەكانی ژياننامەيی جێبەجێ ناكرێن، چونكە ڕووداوەكانی لە واقعی زيندووەوە وەرگيراوە، كە لە لايەن توخمە جۆراوجۆرەكانەوە پشتيوانی دەكرێن، وەكو نامە و ڕۆژژمێر و بيرەوەری، ڕۆمانی ژياننامەيی پێويستە پەيوەندی ڕاستەوخۆی بە واقيعەوە هەبێت و لە ناو خەياڵدا نقوم نەبێت، هەروەها پێويستە پاڵەوان و كارەكتەرەكانی ديی ناو ڕۆمانەكە لەناو ڕووداوەكاندا ژيابن، ئەمەش مانای ئەوەيە ڕووداوەكانی ڕۆمانی ژياننامەيی ڕووداوی ڕاستەقينەن لە سەر بنەمای واقيعی و سەرچاوەن بۆ خوێنەران، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نييە كە نووسەر نەتوانێ جۆرێك لە ڕەنگكردن بە ڕۆمانەكەی بدات، وەكو زيادكردن و داهێنانی ڕووداوی

لاوەکی، یان دروستکردنی ناوی نوێ بۆ کارەکتەرەکان. هۆکار هەن وا لە ئەدیب دەکەن پەنا بباتە بەر خەیاڵ و بە کاری بهێنێت بە مانایەکی دی بیئاخنێتە ناو ڕۆمانی ژیاننامەیی، یەکێک لەو هۆکارانە بارودۆخی سەردەمە، دەبینین نووسەر خۆی لە ڕاستی دەدزێتەوە و دەچێتە ناو خەیاڵەوە، ئەمەش ئەگەر هەر شتێک بێت ئەوە نیشان دەدات کە هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی نووسەر لەجیاتی ئەوەی بە ڕاشکاوی ڕاستییەکان بخاتەڕوو، پەنا بباتە بەر ئاماژە، هۆیەکەشی لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ترس لە دەسەڵات، یان ئاشکراکردنی هزری نووسەر و ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە باوەڕی پێی هەیە، هەروەها پەرۆشی ئەو لە سەر هەستی کەسایەتییەکان، ڕەنگە نووسەر لە واقیع ڕابکات و پەنا بۆ خەیاڵ ببات، لەبەر ئەوەی شتێکی وەها لە واقیعدا نادۆزێتەوە کە باوەڕی پێی هەبێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر خەیاڵ بۆ گۆڕینی ئەوەی کە هەیە، بۆ ئەوەی کە پێویستە ببێت.

ئەگەر سەیری ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) بکەین دەبینی، دانەری ڕۆمانەکە (فەرهاد پیربالٚ) لە جیاتی بەکارهێنانی ڕاناوی قسەکەری من، ناوی ڕاستەقینەی خۆی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە و هەر بەو ناوەش قسەی لەگەڵ دەکرێت و دەدوێت، هەر بەوەندەش نەوەستاوە، لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا لە لاپەڕە (٢٠٨)دا ڕوونکردنەوەییێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا دەڵێ: (سەرجەم ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و کەسەکان تا ئێستاش لە ژیاندان، بەڵام لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێ لە شوێنەکانم لەم گێڕانەوەیەدا گۆڕیوە)

## چوارەم: ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی (الصدق والصراحة)

ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا بابەتێکی پێویستە، یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی بونیادنانی ڕۆمانەکە و متمانە لە نێوان ڕۆماننووس و خوێنەر دروست

دەکات، ئەمە وادەکات دەقەکە بەهاییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی هەبێت و وەکو ئاوێنەیەک ژیانی خاوەنەکەی تێدا بەدەرکەوێت، چونکە بیرەوەری باسی ژیانی مرۆڤ دەکات، بۆیە ئەگەر ڕەگەزی ڕاستگۆیی لە ناو گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەدا لاواز بوو، ئەوە بە ژیاننامە دانانرێت، چونکە خەیاڵ بە جۆرێکی دی وێنای دەکات.

ئیحسان عەباس لە بارەی ڕاستگۆیی و ڕاشکاویەوە دەڵێ: (ئەم بابەتە لە ڕۆمانی ژیاننامەییدا ڕێژەییە، هەرچەند ئەدیب توانای نووسینی باش بێت بەڵام لە کۆتاییدا بە ئاگا بێت، یان بێ ئاگا خۆی دەبینێتەوە تێوە گلاوە، واتە باسی هەندێک ڕووداو دەکات بێ ئەوەی بەرچاوی ڕوون بێت، ئەمەش وادەکات ژیاننامەکە لە ڕاستگۆیی و ڕاشکاویەوە دوور بکەوێتەوە)

لەبەر ئەوە ناتوانین بڵێین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی ژیاننامەییدا ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی بە شێوەییێکی ڕەها پەیڕەو کراوە، بەڵکوو شتێکی ڕێژەییە، چونکە نووسەر ڕووداوەکان بە گوێرەی بایەخ و گرنگی و

گونجاوییان لەگەڵ واقیعی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەمەش وادەکات ڕاستگۆیی لە ڕۆمانیژیاننامەییدا شتێکی ڕێژەیی بێت.

ئەگەر سەیری ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) بکەین، لەزۆر شوێن ئەوەمان بە ڕوونی بۆ بە دیار دەکەوێت، فەرهاد پیرباڵ ئەم ڕاستیەی نەشاردووەتەوە و لەو ڕوونکردنەوەیەی کە لەدوا لاپەڕەدا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: (لەبەر باری ئاسایش و ژیانی کەسەکان ناوی زۆربەی پاڵەوانەکان و هەندێک لە شوێنەکانم لەم گێڕانەوەیەدا گۆڕیوە)

لە هەندێک شوێنی ڕۆمانەکە زۆر بە ڕوونی هەست بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوێتی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیربال دەکەین لەوانە: (بۆ یەکەم جار لە سانت مالۆ بوو کە کەڵکەڵەی بینینەوەی دایکم و کەسوکارم، بە ڕاستی کەوتە مێشکمەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریش غەریبی دایکم و شارەکەم و کەسوکاری خۆمم دەکرد، ڕاستیەکەش، زۆر جاران لەناو نۆستالۆژیای خۆمدا بە خۆمم دەگوت: ئەوا

چەندین ساڵە من لە ئەوروپا دەسووڕێمەوە؟ من لێرە کێم؟... چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چیە؟ کێ دەمناسێت؟)
هەروەها لە شوێنێکی دییشدا بە ڕاشکاویەوە باسی ژیانی پەناهەندەیی خۆی دەکات لە فەرەنسا، دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بە سەر دوورکەوتنەوەی لە کوردستانی زێدی باب و باپیرانی، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ کە مرۆڤ تەنیا لەشوێنی خۆی ئاسوودە و بەختەوەرە و دەڵێ: (چەندین ساڵ هەموو ڕۆژێک هەمان شت بکەیتەوە و هەمان ڕێگە بکوتیتەوە و هەمان شت ببینیتەوە و هەمان شت بخۆیت و هەمان شت بخۆیتەوە و هەمان قسە ببیسیتەوە... بۆ من زۆر ناخۆش بوو. چەندین ساڵ، هەموو ڕۆژێک هەمان هوتێل، هەمان کار، دووبارە هەمان میترۆ، هەمان بۆنەکانن هەمان کەسەکان.... دەمویست لە دەست ئەم ڕۆتینە ڕزگار ببم)
دیمەنێکی دیی ئەم ڕاستگۆیی و ڕاشکاویە لە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) دەبینین، نووسەر لەسەر زمانی محەمەدی حاجی زادە باسی ژیانی تەنیایی و پڕ مەینەتی

پەناهەندەییمان لە دەرەوەی وڵات بۆ دەکات، زۆر بە جوانی وەسفی ئەوەمان بۆ دەکات کە ئەوانەی سەری خۆیان هەڵگرتووە و بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیشتوونە چۆن لەپێناوی پارویێک نان کاری قێزەون دەکەن، لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادەوە دەڵێ: (ئەو گەنجە لوبنانی و فەلەستینییانەی لەسەرەتای تازە گەیشتنم بۆ پاریس لە کەمپەکەدا لە گەڵم بوون، سەبارەت بەوەی ئەوانیش وەکو من مافی نیشتەجێبوونیان هێشتا بۆ دەرنەچووبوو، دەچوون پارچە زێڕی بچووک و قەمسەڵە و پانتۆڕیان لە مغازە و سوپەرمارکێتەکانی پاریسدا دەدزی و لە بازاڕی ڕەش، یان لە بەردەم بازاڕی (تاتی) لە (مارکادی پواسۆنییێغ) بە هەرزانتر دەیانفرۆشتەوە. تەنانەت ڕۆژنامەنووسێکی بەحرێنی برادەریشم، کە ناوی سافی ئەیریس بوو، ئەویش هەر لە کۆتاییدا دەستی کردە دزیکردنی ناو مغازەکان. دوو برادەری عەرەبی عێراقیشم لەگەڵ بوون، هەردووکیان لە خەفەتی ئەوەی چوار ساڵ بوو هێشتا ئیقامەیان بۆ دەرنەچووبوو، خۆیان کوشت، یەکێکیان خۆی فڕێ دایە ژێر شەمەندەفەری

ناو میترۆی (کلییان کوورت)و هەلاهەلا بوو، ئەوی دیکەش لەقاتی یازدەمی ساختمانێکی مۆنتپەرناسەوە خۆی توورڕ هەڵدایە خوارەوە و گیانی سپارد. گورجستانییەکمان لەگەڵ بوو، ئەو لە داخان بەرگەی ئەو هەموو ساڵ چاوەڕوانییەی نەگرت، شێت بوو و بردیانەوە تفلیس. پەنابەرە نیپاڵی و ئەفغانییەکانیش هەرزۆر زوو تێگەیشتن کە وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی لە فەرەنسا زەحمەتە، بۆیە ئەوانیش هەرزوو پاریسیان بەجێهێشت و سەری خۆیان هەڵگرت بەرەو (لەندەن). وەڵحاسڵ، لەناو برادەرە پەناهەندەکانی ئەو کەمپەم تەنیا منم ماومەتەوە. تەنیا منم ئەوا بۆ چوار ساڵ دەچێت بەرگەی ئەو هەموو ناهەمو‌ارییەی پەناهەندەییم گرتووە، بەبێ مافی ئیقامە، بەبێ پەساپۆرت، بەبێ کار، چی بکەم؟! خەریکە شێت دەبم. ناتوانم هیچ بکەم. من هیچ ناسنامەیەکم نییە.

محەمەدی حاجی زادە دەیگوت: من تازە تێدەگەم کە مانەوەی پەناهەندەیەک بەبێ مۆڵەتی پۆلیس لە پاریس چەندێک سەختە! من دوایین پەناهەندەم لەناو برادەرانی

کەمپەکەی خۆمدا، وا بۆ چوار ساڵ دەچێت... بە بێ ئیقامەم، بێ ماڵ و حاڵ!)

هەروەها لە شوێنێکی دیکەش لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادەوە دەڵێ: (ئەوروپا تەنیا بۆ ئەو کەسانە خۆشە کە پارەیان هەیە، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە بۆ ماوەی تەنیا چەند هەفتەیەک بۆ گەشتەوەری دێنە ئێرە و پاشان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان)

هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا لەسەر زاری محەمەدی حاجی زادە باسی تێکشکان و بێ بەهایی مرۆڤی پەناهەندە دەکات لە دەرەوەی وڵاتی خۆی و دەڵێ: (وەک سەگ لەناو ئەو چێشتخانە پیسانەی کاریان تێدا دەکەم، مردم هێندەی پاشماوەکانی ناو مەتبەخ بلێسمەوە. من لە وڵاتی خۆمدا هیچ نەبووایە ماڵێکم هەبوو، حاڵێکم هەبوو، ناوبانگێکم هەبوو... لێرە ئەسڵەن هیچ ناسنامەیەکیشم نییە، من لێرە کێم؟ چیم؟!)

لەمیانی ئەم چەند بڕگانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە فەرهاد پیربال کەسێکی واقیع بین بووە و بە ڕاستگۆیی و

ڕاشکاویەوە باسی لە ژیانی پەناهەندەیی و دووری وڵات کردووە، کە خۆیشی ساڵانێکی زۆر لە دووری وڵات بە پەناهەندەیی ژیاوە.
لە کۆتاییدا دوای ئەم خوێندنەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) گشت ڕەگەزەکان و تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی ژیاننامەیی تیایە.
ئەمەی خوارەوەش پوختە ڕۆمانەکەیە:
ئەم ڕۆمانە باسی شەڕی عێراق و ئێران دەکات کە بە هۆیەوە دانەری ڕۆمانەکە کە لەهەمان کاتدا پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، باسی ژیانی پەناهەندەیی خۆی دەکات لە وڵاتی فەرەنسا.
فەرهاد پیرباڵ بۆمان دەگێڕێتەوە دوای ئەوەی دەگاتە فەرەنسا و لە شاری پاریس نیشتەجێ دەبێت، لە هوتێلێکی سێ ئەستێرە بە ناوی (هوتێل ئەوروپا) لە کاتژمێر هەشتی شەو تا هەشتی بەیانی دەبێتە پاسەوان و لە هەمان کاتدا دوای خەوتنی میوانەکان خەریکی نیگار کێشان دەبێت و ئەو تابلۆیانەش کە دروستیان دەکات، دەیانباتە گەلەری

هاوڕێ نیگارکێشەکانی لە (مۆنتماخت- Montmarter)
دەیانفرۆشێتەوە و بەو بڕە پارەیەی کە مانگانە لە هوتێل ئەوروپا وەریان دەگرێت لەگەڵ نرخی ئەو تابلۆیانەی کە لەو گەلەرییە دەیانفرۆشێتەوە دەژییێت.

دوای ماوەیەک مەلایەکی ڕاکردوو لە زوڵم و ستەمی ڕژێمی ئێران بەناوی (محەمەدی حاجی زادە) دەناسێت و دەبێتە هاوڕێی.

محەمەدی حاجی زادە لەدوای فەرهاد پیربال (دانەری ڕۆمانەکە) دووەمین پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە و لەو کاتەی کە لەگەڵ فەرهاد پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە یەکدی دەناسن، زیاتر لە چوار ساڵ دەبێت لە پاریس بەبێ ئیش و کار دەسووڕێتەوە و بە دوای کاردا دەگەڕێت. لەبەر ئەوەی مافی نیشتەجێبوونی لە لایەن پۆلیسەوە پێنەدراوە، بۆیە هیچ هوتێلێک و سوپەر مارکێتێک تەنانەت هیچ کافتریایەکیش مۆڵەتی کارکردنی پێنەداوە.

محەمەدی حاجی زادە وەکو خۆی دەگێڕێتەوە پێشتر لە وڵاتی ئێران لە تاران مەلایەکی ئایینی بووە و ئەندامی

(حەوزەی عیلمی تاران) بووە و لەسەر بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی لەسەر پەیوەندی دین بە دەوڵەتەوە جلوبەرگی مەلایەتییان لێی سەندووەتەوە، بەمەش هیچی دی مافی ئەوەی نامێنێ کەشیدەی مەلایەتی لەسەر بنێت و پێش نوێژی بکات و خوتبە بخوێنێت.

محەمەدی حاجی زادە باسی هەڵاتنی خۆی دەکات لە ئێرانەوە بۆ تورکیا. بە نایاسایی لەگەڵ قاچاخچییەکان و لە ڕێگادا کچێکی کۆمۆنیستی ئازەری بەناوی (هومەیلا) لەگەڵ دەبێت و یەکدی دەناسن. کە دەگەنە تورکیا پێش ئەوەی لە شارۆچکەی (شەمزینلی) خۆیان بە دەستەوە بدەن، لەگەڵ ئەو کچە کۆمۆنیستە کە تەمەنی سی ساڵ دەبێت و پانزە ساڵ لەو بچووکترە، ڕێکدەکەون گرێبەستێکی هاوسەرگیریی ساختە لەنێوان خۆیان بنووسنەوە و تەنیا بەناو ببنە هاوسەری یەکدی، بۆ ئەوەی لەو کەمپەی کە لێی نیشتەجێ دەکرێن، لەچاو پیاوە سەڵتەکان زیاتر بایەخیان پێ بدرێت.

بەم شێوەیە چۆن نەخشەیان بۆ داڕشتبوو وا دەردەچێت، کە خۆیان ڕادەستی پۆلیس دەکەن، پیاوە سەڵتەکان هەموویان فڕێ دەدەنە ناو هۆڵێکی گەورەی گەڕەلاوژەی پڕ لە مێشوولە و محەمەدی حاجی زادە و هومەیلاش پێکەوە دەخەنە ناو یەک ژووری سەربەخۆی تایبەت بەو پەناهەندانەی کە هاوسەری یەکدین.

محەمەدی حاجی زادە دەڵێ: «زیندانەکەی من و هومەیلای هاوسەرم کەمێک لە زیندانە گەورەکەی پەناهەندەکانی دی خۆشتر بوو. هەر هەموو کەمپەکەشمان کەمێک لە زیندانی بە ڕاستی خۆشتر بوو.

محەمەدی حاجی زادە لە درێژەی قسەکانیدا لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و ئەو کچە ئازەرییەدا دەڵێ: «ژوورەکەمان سیسەمێکی نوێن تێدا ڕاخراوی پیسی دوو نەفەریی لێ دانرابوو. لەگەڵ تاخمێکی چاو سەبەتەیەکی ڕزیوی میوە... حەوت مانگی ڕەبەق لەناو ئەو ژوورەدا لەگەڵ ئەو کچە ئازەرییە تازە بەهارە مەمک قووت و تەڕ و

بڕە چاوەکانی وەکو چاوی ئەو حۆرییە نازدارانەی کە لە سوورەتی (الواقعة) باسیان لێ کراوە، بە یەکەوە بووین.

هەموو ڕۆژێک بیست و چوار سەعات بە دیار ئەو کچە شۆخ و شەنگە، خۆم پێ ڕانەگیرا، مردم هێندەی ئایەتەلکورسی بۆ دوورخستنەوەی شەیتانی سێکس لە جەستەی خۆم بخوێنمەوە)

محەمەدی حاجی زادە لە کۆتایی قسەکانیدا ڕوو لە فەرهاد دەکات و دەڵێ: «سەرت نەیەشێنم ڕۆژێک، دەمەو عەسرێکی پایز، هێشتا زەنگی نانخواردنی ئێوارەیان لێ نەدابوو.... لەناو ژوورەکەماندا بە یەکدی وەنووساین، ئیتر هەر ئەم بە یەکتر نووسانە بوو... بەڕاستی بووینە ژن و مێردی یەکتر)

ئەمەو فەرهاد پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا) لەو ماوەیەی کە لەو هوتێلە کار دەکات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر متمانەی لووسینای خاوەنی هوتێلەکە بە دەست دەهێنێت و دواتر وەکو دوو هاوڕێیان لێ دێت. چەند جارێک لە ڕیستورانتە گرانبەهاکانی پاریس بە یەکەوەو بە دوو

قۆڵی دادەنیشن و باسی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەکەن.

فەرهاد حیکایەتخوان و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە دەڵێ:

(لە کۆتاییدا ئەو ڕۆژە هات مسیۆ لووسینا چیرۆکی گرینگی ژیانی تایبەتیی خۆی بۆم بگێڕێتەوە)

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «کاتێ گەیشتینە ژوورەکەی خۆی و فەرمووی دانیشتنی لێ کردم، بەر لەوەی دابنیشم، پێش هەموو شتێک تاکێک پێڵاوی کچانە سەرنجی ڕاکێشام کە بە ناوەڕاستی دیوارەکەوە، لەپشت سەری خۆی، هەڵی واسیبوو)

لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و لووسینا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو تاکە پێڵاوەی لە ناو چوارچێوەیەک لە پشت سەری لووسینا هەڵواسرابوو، پێڵاوی ئەو کچە بوو کە خۆشی دەوێت. کچەکە ناوی (زێبا) بوو کچی خانەوادەیەکی دەوڵەمەندی ئێران شاری تاران بوو. بۆ خوێندن دێتە فەرەنسا و لە شاری پاریس دەیخوێند و لەو ماوەیەشدا بۆ ماوەی چوار ساڵ پەیوەندی سۆزداری لە نێوانیاندا دروست

دەبێت، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندن لەسەر قسەی باوکی دەیەوێت بگەڕێتەوە تاران. لووسینا داوای لێ دەکات کە لە فەرەنسا بمێنێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ بکات بەڵام زێبا هەر ڕشت دەبێت لەسەر بڕیارەکەی و دەگەڕێتەوە تاران.

ئەمەش وا لە مسیۆ لووسینای خاوەن سێ هوتێل و چەندین باڵاخانە دەکات بەهۆی گڕی ئەو عیشقەی کە لە ناخیدا بەرامبەر زێبا هەیەتی چێژ لەو سامانە زۆرە نەبینێ و هەمیشە لەناو خەیاڵدا بژییت. مسیۆ لووسینا عاشقی (زێبا)ی ئێرانی پێی وابوو وەهم بۆ مرۆڤ لە هەقیقەت زۆر پێویستترە، چونکە هیوات پێ دەدا، ئومێدێکی دیت دەداتێ.

ئەمەو فەرهاد حیکایەتخوان و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە لە گێڕانەوەی ژیانی خۆی لە پاریس دەڵێ: (لەم پاسەوانییەی هوتێل ئەوروپا وەڕس ببووم) بیر لەوە دەکاتەوە بۆ ماوەییێک دوور بکەوێتەوە و بچێتە کەناری دەریای بەلتیک، لەوێ پۆرترێت و نیگار بۆ توورییستەکانی

قەراغ دەریا دروست بکات، بۆیە دوای چەندین ساڵ کارکردن بێ پچڕان لە (هوتێل ئەوروپا) ڕەزامەندیی مسیۆ لووسینای خاوەن هوتێلەکە وەردەگرێت و بۆ ماوەییێکی کاتی محەمەدی حاجی زادە لە شوێنی خۆی دادەنێت.

محەمەدی حاجی زادە شێوەی زۆر لە مسیۆ لووسینا دەچێت، بۆیە مسیۆ لووسینا بیر لەوە دەکاتەوە کە بە پاسپۆرت و ناسنامەی محەمەدی حاجی زادە سەفەرێکی ئێران بکات و بە دوای سۆراخی (زێبا)ی خۆشەویستیدا بگەڕێت و بیبینێتەوە.

بەمشێوەیە ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ دەکات و دەچێتە ئێران و ناگەڕێتەوە و بێ سەروشوێن دەبێت و فەرهادیش لەخەمی مسیۆ لووسینا و دووری وڵاتەوە بەرگە ناگرێت و لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ بە یەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان.

**تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (دیوان) ژمارە (١٢) ئایاری ٢٠٢٢.**

**سەرچاوەکان:**


•**فەرهاد پیربالّ: ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا، دەزگای ئاراس، هەرێمی کوردستانی عێراق، ساڵی ۲۰۱۰.**

•تیتز ڕووکی: فی طفولتی (دراسة في السيرة الذاتية العربية) ديجمة طلعت الشايب، مراجعة وتقديم رمضان بسطاويسى، المجلس الاعلى للثقافة، ط/١، القاهرة، عام ٢٠٠٢.

•عبدالحكيم محمد الشعباني: السيرة الذاتية في الادب العربي الحديث، منشورات موسسة العراق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ط/١، عام ٢٠٠١.

•أحسان عباس: فن السيرة، منشورات دار صادر، بيروت، لبنان، ط/١، ١٩٩٦.

•جورج ماي: السيرة الذاتية، تعريب أ.د. محمد القضي و أ.د. عبدالله صوله، منشورات دار الروية للنشر والتوزيع، عام ٢٠١٧، القاهرة.

•ميشال بوتور: بحوث في الرواية الجديده، ديجمة فريد انطونيوس، منشورات عويدات، بيروت، ط/٣، عام ١٩٨٦.

## پاشکۆ

## دۆسییەی ئەم ڕۆمانە لە دادگەی سەرەتایی هەولێر/ دووەم بە ژمارە ٨٠٤/ب/١٩٩٨

کۆماری عێراق

بەناوی خوای گەورە و دلۆڤان

وەزارەتی داد
دادگای سەرەتایی هەولێر/٢
داوای ژمارە ٨٠٤/ب/١٩٩٨

دادگای سەرەتایی هەولێر/ ٢ لە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١٢/٣٠ بە سەرۆکایەتی دادوەر ڕەئوف ڕەشید پێکهات کە بە ناوی گەل ڕێگای دادبینی کردنی پێ دراوە وئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد:

داواکار: (..) بریکارەکەی پارێزەر (....)

داوالیکراوان: (کمال سعدی) دانەری ڕۆمانی سەعید زەبۆکی لای خۆمان، هەروەها وەزیری ڕۆشنبیری هەرێم (فەلەکەدین کاکەیی) وێڕای وەزیفەکەی/ بریکارەکەی پارێزەر (....)

**بڕیار:**

داواکار دەڵێ ( (لەگەڵ داوالێکراوی یەکەم پارچە زەوییێکم لە هەولێر کڕی و بۆ سێ پارچە دابەشم کرد، دوو پارچەم بە ناوی کچەکانم (..) و (..) تۆمار کرد، وە پارچەی زەوی سێیەمیشم بە ناوی داوالێکراوی یەکەم تۆمارکرد. پەیوەندیی نێوانمان بەردەوام بوو، هەوڵمان دا پارچە زەوییێکی تریش لە موسڵ بەیەکەوە بکڕین. ئەمەو ناوبراو گەشتکردنی منی بۆ دەرەوەی هەرێم بە هەل زانی و کتێبێکی بە ناوی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) دانا و ئەو شتانەی کە لە نێوانمان ڕوویان دابوو هەر هەمووی تیا گێڕابۆوە، تیایدا بە کۆمەڵێک درۆ و دەلەسە کە هەژمارناکرێ وەسفی منی کردبوو، وە بە ڕەزامەندیی داوالێکراوی دووەم وێڕای وەزیفەکەی چاپ و بڵاوی کردبۆوە، وە بە خێرایی کتێبەکە لە بازاڕ فرۆشراو هیچی لێ

نەماو خەڵکێکی زۆر خوێندبوویانەوە . وە دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر و گەڕانم لە شوێنە گشتیەکاندا، هەستم کرد ئەوانەی لە تەنیشتم تێ دەپەڕن بە چاوێکی سەیرەوە تەماشام دەکەن و گاڵتەم پێ دەکەن و بە ناوی (زەبۆک) بانگم دەکەن، ئەمەو سەرەڕای هەندێک توانج و ئیشارەت، جا دوای بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەی خۆم و کەسە نزیکەکانم بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ئەم دیاردە سەیرو سەمەرەیە، کتێبی ئاماژەبۆکراومان دۆزیەوە و ئەم کارەی داوالێکراو زیانێکی ئەدەبی زۆری پێ گەیاندم. پەیوەندیم کرد بە داوالێکراوی یەکەم و دوای گفتوگۆ داوای لێکردم کە بیبەخشم، هەروەها داوالێکراوی دووەم وێڕای وەزیفەکەی پێی ڕاگەیاندم کە سانسۆر لە سەر چاپەمەنییەکاندا نیە و ئەو کتێبەکەی پێش بڵاوبوونەوەی نەخوێندۆتەوە)). بۆیە داوای کرد پێکەوە ناچاریان بکەین بە پێبژاردنی بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار سویسری، بە مەبەستی بژاردنی ڕەسمی قانوونی داوای کرد سەرەتا حوکمەکە بە بڕی ١١٠٠ هەزار و سەد دینار دەربکرێت و ئیحتیفاز بە باقیەکەی بکات کە

بڕەکەی لە لایەن شارەزایانەوە دیار کراوە بە دەعوایەکی هاوپێچ یان سەربەخۆ (دعوی منضمة او مستقلة) هەروەها ئیحتیفازی بە مافی خۆی کرد بۆ بەرزکردنەوەی شکایەتی سزایی لە دژیان، ئەمەو داوای کردووە خەرجی و ماندووبوونی پارێزەری بخاتە ئەستۆیان)).

لەبەر بەڕێوەچوونی دادبینیی بە ئامادەبوونی هەردوو لایەنی داواو دانەیەک لەو کتێبەی کە لە لایەن دەزگای چاپەمەنیی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٧ بە ناوی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) و شێوەی ڕۆمانی وەرگرتووە، لە دانانی کمال سعدی و هەروەها وێنەیەکی کاریکاتێریی تەنزئامێزی پیاوێکی قەڵەو لە سەر بەرگی ڕۆمانەکەدا هەیە بە جل و بەرگێکی تێکەڵاو، هەروەها بوونی چەندین وێنەی کاریکاتێریی لە دووتۆی لاپەڕەکان و بەشەکانی کتێبەکەدا هەن. هەروەها لە بەر ئەو لائیحەیەی کە لە لایەن بریکاری داواکارەوە پێشکەش کراوەو کە تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە دادگا لە بارەی کاریگەریی ڕۆمانەکە لە سەر مووەکیلەکەی داویەتی، کە دەبنە هۆی لاوازکردنی

پێگەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیەکەی لە کۆمەڵگەی هەولێریدا. وە لەبەر ڕەتکردنەوەی داوالێکراوی یەکەم بەپێی ئەو لائیحەیەی کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٩/٢٣ بۆ دادگا بەرزی کردۆتەوە، کە تیایدا هاتووە ئەو ڕۆمانەی کە بابەتی داوایەکە لە شوباتی ساڵی ١٩٩٦ چاپ و بڵاو کراوەتەوە واتە پێش ساڵ و نیوێک بەر لە وەرگرتنی وتەکانی ئەم داوایە، هەروەها لەبەر ڕەتکردنەوەی بریکاری داوالێکراوی دووەم بە تێپەڕبوونی ماوە بە پێی یاسای چاپەمەنیی بەرکار. وە لەبەر داوای دادگا لە هەردوو داوالێکراوانی یەکەم و دووەم لە بارەی مێژووی دابەشکردنی چاپکراوەکە و سپاردنی دانەیەک لە کتێبەکە لای کتێبخانەی نیشتمانی لە هەولێر، وە لەبەر لائیحەی هەردوو لا کە لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان کردووە، هەروەها ئەو نووسراوانەی بۆ دادگا بەرز کراونەتەوە، وە دووبارە کردنەوەی لایەنەکانی داوا بۆ وتەو داواکارییەکانیان بۆ دادگا بەدەرکەوت کە ئەم ڕۆمانە لە ڕێکەوتی ١٩٩٧/٢/٥ لەلایەن فەرمانگەی داوالێکراوی دووەمەوە وێڕای وەزیفەکەی چاپ کراوە و

دانەیەکی لێ لە کتێبخانەی نیشتمانی هەڵگیراوە، هەروەها لە لاپەڕەی دواوەی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٢٧٥) لە ١٩٩٧/٢/١٨ و ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) و (دەنگی گەل) کە لە ١٩٩٧/٢/٢٣ دەرچوونە، جا لەبەر ئەوەی ئەم داوایە لە ڕۆژی بژاردنی ڕەسمی قانوونی لە ١٩٩٨/٨/١٩ بەرزکراوەتەوە، وە لەبەر ئەوەی بابەتی داوایەکە و داوای قەرەبوونەوە و ئەم زیانانە حوکمەکانی یاسای چاپەمەنی ژمارە ١٠ ی ساڵی ١٩٩٣ ی بەرکار لە هەرێم دەیگرێتەوە، جا لەبەرئەوەی ئەم داوایە لە دەرەوەی ئەو ماوە یاساییەدا تۆمار کراوە کە لە بڕگەی دوو لە ماددەی یانزەی یاسای چاپەمەنیی بەرکاردا هاتووە گوێ لە داوای زیان و قەرەبووکردنەوە ناگیرێت دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی چاپکراوی دەوری یان دەستکرد بە دابەشکردنی لە چاپکراوی نادەوریدا. هەروەها لە بەر ئەوەی داوالێکراوان لەم بارەیەوە داواکەیان ڕەت کردەوە بۆیە بڕاردرا بە ڕەتکردنەوەی داوای داواکار لەم لایەنەوە هەروەها خەرجی و کرێی پارێزەریی بریکاری داوالێکراوی دووەم

پارێزەر (...) بە بڕی ١١٠ سەدو دە هەزار دیناری بخرێتە ئەستۆی، ئەمەو ئەم بڕیارە بڕیارێکی ئامادەییە و توانای تێهەڵچوونەوە و پیداچوونەوەی هەیە و بە پێی حوکمەکانی مادده/١١ بڕگەی دوو لە یاسای چاپەمەنیەکان و مادە/٥٨ ی یاسای سەلماندن و مادە (١٥٤،١٦١،١٦٦) ی یاسای دادبینی شارستانی و مادە/٦٣ ی یاسای پارێزەران دەرچووە. بە ئاشکرا پێیان ڕاگەیەندراوە لە ١٩٩٨/١٢/٣٠.

دادوەر

ڕەئووف ڕەشید

تیبینی: ئەم بڕیارەی دادگا لە لایەن دادگای پێداچوونەوە (محكمة التمييز)ی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٥/١٠٦/م/١٩٩٩ لە ١٩٩٩/٤/٢٩ پەسند کراوە.



وێنەی دادگاییکردنی دانەری ڕۆمانەکە



وێنەی دادوەر رۆوف رشید



وێنەی هەندێک لەو ئەدیب و رۆشنبیر و مافپەروەرانەی کە لە بەردەم دادگا ئامادەبوون بۆ داکۆکیکردن لە دانەری ڕۆمانەکە:

پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار، شاعیری بەناوبانگ خوالێخۆشبوو عبدالخالق سەرسام، چیرۆکنووس سابیر ڕەشید، پارێزەر تاریق جامباز، پارێزەر حوسام الدین سەرداری، لێکۆڵەرەوەی دادی سەردار خۆشناو، پارێزەر ئاشتی، نووسەر ئەیوب گەلالی، پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە

**ڕەسوڵ، ئەمە و چەندانی تر بە نامە پشتگیرییان لێ کردم، لەوانە خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی بەرزنجی، خوالێخۆشبوو مەهدی خۆشناو.**

**سەرچاوەکان:**

**کتێبەکان:**


- احمد منصور: رواية السيرة الذاتية في الادب الجزائري المعاصر، منشور في مجلة (المسألة)، العدد١، سنة ١٩٩١.
- د. احمد حيدوش: السيرة الذاتية في الرواية، منشورات المركز الجامعي، البويرة، ص١٦، متاح على الانترنت.
- دانیال دیفۆ : ڕۆمانی رۆبنسۆن کرۆزۆ، وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی مروة ماهر الحق، لە بڵاوکراوەکانی مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، ٢٠١٣.
- جورج ماي: السيرة الذاتية، ترجمة محمد القاضي وعبدلله صولة، منشورات دار الحكمة، تونس، ط١، سنة ١٩٩٤.

• جان جاك روسو: اعترافات جان جاك روسو، ترجمة حلمي مراد، منشورات دار البشير للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق – بيروت، بلا سنة طبع.

• جابر عصفور: زمن الرواية، مكتبة الاسرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، سنة ١٩٩٩.

• د. صبيحة احمد عقلم: تداخل الاجناس الأدبية في الرواية العربية – الرواية الدرامية أنموذجا_ منشورات المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

• عبدالعزيز شرف: ادب السيرة الذاتية، مؤسسة الاهرام للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٢.

• علي بدر: رواية بابا سارتر، منشورات المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٩ .

• علي بدر: رواية صخب ونساء وكاتب مغمور، منشورات دار نون، مكتبة الفكر الجديد، بلا سنة نشر.

• فيليب لوجون: السيرة الذاتية، الميثاق والتأريخ الادبي، ترجمة عمر حلي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤ .

• لامارتين: ڕۆمانی (غرازييلا graziella) لەلایەن نجيب المستكاوي و جودت عوسمان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی

عەرەبی و لەلایەن دار الفكر العربي لە ساڵی ١٩٦١ بەناوی جرازیلا بڵاوکراوەتەوە.

• ممدوح فراج النابي: رواية السيرة الذاتية في مصر، دراسة في التأصيل والتشكيل، منشورات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، مصر، ٢٠١١.

• ميخائيل باختين: الخطاب الروائي، ترجمة د. محمد برادة، منشورات دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع، القاهرة، ط/١، ١٩٨٧.

• مستەفا ڕابەر: هونەری نووسینی ڕۆمان، چ/١، ساڵی ٢٠٢١.

• مولود فرعون: ڕۆمانی (ابن الفقير)، لە بڵاوکراوەکانی المركز القومي للترجمة، القاهرة، ساڵی ٢٠٠٦.

• نانسي كريس: تقنيات كتابة الرواية، ترجمة زينة جابر ادريس، منشورات الدار العربية للعلوم ناشرون، ط/١، لبنان، ٢٠٠٩.

**نامەی زانکۆیی:**

• رواية السيرة الذاتية: غرفة الذكريات لبشير مفتي أنموذجا، بحث التخرج قدمت من قبل الطالبة بوشريم هاجر و بوكيلو ايمان

الى كلية الاداب واللغات بجامعة محمد الصديق في الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية عام ٢٠١٩.

• حسن مجاد عبدالكريم: ما وراء السرد في الرواية العراقية، رسالة ماجستير، قدمت الى جامعة القادسية، كلية التربية، قسم اللغة العربية، سنة ٢٠٠٨/٢٠٠٩.

• نجاة سويسي: رواية السيرة الذاتية في (مزاج مراهقة) لفضيلة الفاروق، رسالة ماجستير قدمت الى كلية الآداب واللغات، قسم اللغة العربية وآدابها في جامعة منتوري قسنطينة في الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، سنة ٢٠١١.

**گۆڤارەکان:**

• سابیر ڕەشید: سەعید زەبۆکی لای خۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٩)، ساڵی ١٩٩٧.

• د. خيري دومة: رواية السيرة الذاتية الجديدة، قراءة في بعض روايات البنات في مصر، مجلة كلية الآداب بجامعة القاهرة، المجلد ٦٣، عدد/١، سنة ٢٠٠٣.

فایلەکانی ئینتەرنێت:

- د. فرح مهدي صالح: الرواية السير ذاتية، روايات على بدر أنموذجا، بحث متاح على الانترنت في موقع كلية التربية بجامعة القادسية. https;www.qu.edu.com
- أمير تاج السر: اسماء الشخصيات في الاعمال الروائية، متاح على الانترنت https; www. Aljazeera. Net
- د. محمد عبدالله القواسمة: الشخصية الحقيقية في الرواية، متاح على الانترنت https; pulpit. Alwatnvoice. Com

# ژياننامەی پرۆفيسۆر دكتۆر كەمال سەعدی مستەفا



**ساڵو شوێنی لە دايک بوون:** ١٩٥٦/٧/١ هەولێر

**شوێنی وەزيفە:** زانكۆی سەلاحەددين-هەولێر/ كۆلێژی ياسا

بڕوانامەی بەكالۆريۆس و ماستەر و دكتۆرای لە ياسا هەيە

**ناونيشانی تێزی دكتۆرا:** (چوارچێوەی ياسايی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە كوردستانی عێراقدا)،

**وڵاتو زانكۆ كە بڕوانامەی پێ بەخشيوە:** زانكۆی سەلاحەددين-هەولێر/ كوردستان/ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣/٧/٧.

**ناونیشانی ماستەرنامەکەی:** (حقوق الملكيه الادبيه والفنيه فی القانون العراقی والمقارن/ عێراق له ١٩٩٦/٥/٢١ ).

**وڵاتو زانکۆ که بڕوانامەی پێ بەخشیوه:** زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر/ کوردستان/ عێراق له ١٩٩٦/٥/٢١

**پسپۆری گشتی:** یاسای گشتی

**پسپۆری ورد:** یاسای نێودەوڵەتیو دەستووری

**مێژووی دامەزراندن:** بۆ یەکەمجار له ١٩٧٦/٦/١٣ دامەزراوەو له ١٩٩٠ خانەنشین بووه و له ١٩٩٦/٤/٢٤ له کۆلێژی یاسا له زانکۆی سەلاحەددین به ناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوەوه.

**ئەو پۆستانەی وەریگرتوون:**

-سەرۆکی بەشی یاسا (بەیانیانو ئێواران) له ٢٠٠٥/٥/٤ تاکو ٢٠٠٧/٥/٢٥.

-ڕاگری کۆلێژی یاسا له ٢٠٠٦٩/٢/١٢ تاکو ٢٠٠٦/٧/٢٨.

-ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاری له ٢٠٠٦/٧/٢٨ تاکو ٢٠٠٨/٥/١٥.

-ڕاگری کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان له ٢٠٠٨/٢/١٥ تا ٢٠١٠/٨/١٠.

**ئەو کۆنگرەو خولە زانستییانەی کە بەشداری تیا کردووە:**

-یەکەمین کۆنگرەی خوێندنی باڵا ی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٠ بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن.
-دووەمین کۆنگرەی خوێندنی باڵا ی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٦ بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن.
-کۆنگرەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هوتێل خانزاد تەموزی ساڵی ٢٠٠٧.
-کۆنگرەی ئاو (هەولێر ١٤-١٥ مایس ٢٠٠١) سەنتەری برایەتی بە هەماهەنگی ڕێکخراوی فاوی جیهانی.
-یەکەمین کۆنگرەی ڕاگری کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراقی لە بارەی خوێندنی وانەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (اردن_عمان) ساڵی ٢٠٠٧.
-کۆنگرەی میدیای ئازاد لە پێناوی عێراقی نوێ، لە هوتێل تاواری هەولێر لە ٤/٢٩ تاکو ٢٠٠٥/٥/٢٧.
-کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان_ هەولێر لە ٢٧ تا ٢٠٠٤/١١/٢٨.

-کۆنگرەی مافپەروەرانی عێراقی (سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٤).

-کۆنگرەی دەستوور و ڕاپرسی (هەولێر ٢٠٠٥/٩/٢٧).

-کۆنگرەی زانستی لە پێناوی گەشەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی هەولێر ٢٠٠٥/٧/١٥.

-کۆنگرەی یەکەم بۆ دانانی پلانی ستراتیژی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ( هەولێر ٦/٣٠ تا ٢٠٠٧/٧/١).

-کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندنی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان (هولێر، هوتێل هەولێر پلازا لە ١٨/١٧ تشرینی یەکەم ٢٠١٢).

-دیداری نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لە ٢٠٢٢/٤/٢٢ هوتێلی شیراتۆن هەولێر).

-Human Rights Protection Training Agenda (May-2001) Erbil

-Firsr Higher Education Conference In Kurdistan Region – Ireq Erbil 21-23 APRIL 2001

-Conflict Resolution Curriculum Development Workshop University of Duhok 10-14 august 2003

## ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵەو دەزگایانەی تیایدا ئەندامە:

## یەکەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

١- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ئەوروپای عەرەبی بۆ مەشق و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە کۆماری میسری عەرەبی لە شاری قاهیرە.

٢- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی (IFJ).

## دووەم: ڕێکخراوە ناوخۆییەکان:

١- ڕێکخراوی عێراقی مافی مرۆڤ لە شاری بەغداد.

٢- یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، سەرنووسەری گۆڤاری تەرازووی ئەکادیمی.

٣- کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە شاری بەغداد.

٤- کۆمەڵە مافخوازانی مافی مرۆڤ لە شاری هەولێر.

٥- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٦- یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- ڕاوێژکاری میدیا لە گۆڤاری (السیاحە العربیە) لە کۆماری میسری عەرەبی لە شاری قاهیرە.

**ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا:**

-شەش کورتەچیرۆکی کوردی – هاوبەش، هەولێر چاپخانەی شارەوانی، ساڵی ١٩٧٦.

-ون بوون – کۆمەڵە صیرۆک، هەولێر چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٨٤.

-دەرگا – کۆمەڵە چیرۆک، بەغداد چاپخانەی الزمان، ساڵی ١٩٩٠.

-سەعید زەبۆکی لای خۆمان – ڕۆمان، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٩٧.

-تڕحێو – کۆمەڵە چیرۆک، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٠.

-فەنتازیا- کۆمەڵە چیرۆک ، هەولێر بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ساڵی ٢٠١٠ .

-چەند وێسگەیەک ژیان و بیرەوەری، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ٢٠١٤.

-بنەماکانی توێژینەوەی زانستی، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ٢٠٠٩.

-فەلسەفەو یاسا لە چەند وتارێکدا، بڵاوکراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (O.P.L.C) ساڵی ٢٠٠٥.

-مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان_ ڕۆمان، منشورات دار النشر الڤما فی جمهوریه السوریه مدینه دیمشق ساڵی ٢٠٢٠.
-بیرەوەریی جەنگاوەرێک_ ڕۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٨.
-خانمباز – رۆمان، چاپخانەی منارە لە شاری هەولێر ساڵی ٢٠١٩.
-حەج و عومرە – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٩.
-رۆژگارە تاریک و دژوارەکان – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٩.
-زەبۆکەکەی لای خۆمان- رۆمان – چاپی دووەم، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠.
-شەوانی باکۆ – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠.
-ڕۆمانی قرچۆک، دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، ساڵی ٢٠٢٣.
شەوانی ئێریڤان، رۆمان، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٣.
-هونەری منداڵان، چاپخانەی کریستال هەولێر ساڵی ١٩٩٨.
-دەسەڵاتی چوارەم، چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ساڵی ١٩٩٨.

**ئەو کتێبانەی کە لە بواری یاسادا دایناون:**

-چەمکی یاسا، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ۱۹۹۸.

-هاوسەرگیری و جیابوونەوە، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ۲۰۱۵.

-لێکدانەوەی یاسای بەکرێدانی ژمارە ۸۷ ساڵی ۱۹۷۹ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر ساڵی ۱۹۹۱.

-حقوق الانسان بە زمانی عەرەبی، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ساڵی ۲۰۰٤.

-الملكية الفكرية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الدجلة، المملكة الاردنيه الهاشمية، عمان ساڵی ۲۰۰۹.

-حقوق الانسان بين المواثيق الدولية والمظاهب الفكرية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ۲۰۱۰.

-حقوق المؤلف وسلطه الصحافة بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ۲۰۱۲.

-حقوق الانسان فى المذاهب الفكرية بە زمانی عەرەبی، بڵاوکراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (O.P.L.C) ساڵی ۲۰۰٦.

-حقوق الانسان ومعاييرها الدولية به زمانی عەرەبی، منشورات دار الدجلة، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان ساڵی ٢٠١٠.
-التنظيم الدستوري والدولي لحقوق الانسان به زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ٢٠١٧.
-الاطار القانوني لحرية الصحافة به زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربيەة في القاهرة ساڵی ٢٠١٧.
-دراسات فی القانون العام به زمانی عەرەبی، منشورات دار الزين الحقوقية والادبية (ش.م.م ) فی لبنان مدينه بيروت ساڵی ٢٠١٧.
-فكرة الحق، هەولێر چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٨.
-یاسای دەستووری، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠٢٢.
یاسای دەستووری، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ساڵی ٢٠٢٣.